گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issu SpB 2024
ID No. 1264 (PP 44-61)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.SpB.3

توێژینەوە

# بارودۆخی پیشەسازی لەهەرێمەکانی خۆراسان و بلادماوراءالنهر لە سەدەکانی ( 5-6ك/11-12ز)

## (توێژینەوەیەکی مێژووی وشیکاریە)

**چیمەن علی یابە/** بەشی مێژوو-،کۆلێژی ئاداب ،زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر،هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق.

**اکو برهان محمد/** بەشی مێژوو-،کۆلێژی ئاداب ،زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر،هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق.

## پوختە

لە سەدەکانی (5 - 6ك/11-12ز) لە هەرێمەکانی خۆراسان و بلاد ماوراء النهردا، گرنگییەکی زۆر بە لایەنی پیشەسازی دراوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لەم هەرێمانەدا سامانی سروشتی جۆراوجۆر لە بەرهەمە کشتوکاڵی وئاژەڵی وکانزاییەکان، بەشێوەیەکی زۆر بەردەست بووە، ئەم بەرهەمانەش وەك کەرستەی خاوی پیشەسازی لەوسەردەمدا بەکارهاتوون، ئەمەش بەشێوەیەکی راستەوخۆ کاریگەری ورەنگدانەوەی لەسەر سەرهەڵدانی مەڵبەندە پیشەسازییەکان لە ناوچەکەدا دروستکردووە، لەلایەکی دیکەوە ئاڵوگۆری بازرگانی لەگەڵ هەرێمە دراوسێکان و وڵاتی (چین) بەتایبەتی، ئەزموونی زیاتری بەخشیوە بە شێوازی بەرهەمهێنان وبەرەو پێش چوونی بوارەکانی پیشەسازی لە ناوچەکەدا. ئەم توێژینەوەیە بەمیتۆدێکی مێژوویی شیکاری-بەراوردکاری ئەنجام دراوە، بە هەڵێنجانی زانیارییەکان لە کۆمەڵێك سەرچاوەی جۆراوجۆری هاوسەردەمی توێژینەوەکەو دواتریش شیکار وبەراوردکرنی زانیارییەکان بۆ ئاشنابوونی زیاتر بە مێژووی پیشەسازی لە ناوچەکەدا، ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی وئەنجامەکان، لە دوو تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، هەر تەوەرێکیش دابەشی چەند باسێک کراوە، لە تەوەری یەکەمدا باس لە گرنگترین پیشەسازیە سەرەکیەکان لە ناوچەکەدا کراوە، تەوەری دووەمیش تەرخانکراوە بۆ باس کردنی پیشەسازیە لاوەکیەکان لە هەردوو هەرێمەکەدا.

CORRESPONDENCE
چیمەن علی یابە
chiman.yaba@su.edu.krd

| | |
|---|---|
| وەرگرتن | 2023/05/11 |
| پەسندکردن | 2023/07/24 |
| بڵاوکردنەوە | 2024/08/15 |

**وشە سەرەکییەکان:**
پیشەسازی،
کەرستەی خاو،
خوراسان،
(بلاد ماوراء النهر)،
بازرگانی.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

### 1-پێشەکی :

لەم توێژینەوەیەدا باس لەلایەنێکی گرنگی ئابووری بەتایبەت لایەنی پیشەسازی لە هەردوو هەرێمەکانی خۆراسان بلادماوراءالنهر لەهەردوو سەدەی پێنجەم و شەشەمی کۆچی/ یازدەو دوازدەی زاینی دەکەین، لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوە لە بوواری ئابووری بابەتێکی گرنگی ئەم سەردەمەیە لەم نێوەندەش پیشەسازی کردن، بەتایبەت کە پیشەسازی کردن و ڕۆڵی بەرچاوی لە زۆربوونی بەرهەمی پیشەسازی هەبووە، سەرەڕای بوونی چەندین ناوچەی گرنکی تایبەت بە پیشەسازی ، ئەمەش لە جۆراو جۆری بەرهەمە پیشەسازیەکان ڕەنگیداوەتەوە، بۆیە بە پێویستمان زانی توێژینەوە لەم بوارەدا پیشەسازی لەم دوو ناوچەیە بکەین، لەبەرئەوەی توێژینەوەی زۆرکراوە لە بوواری سیاسیی تەنانەت مێژوونوسانیش بایەخ وگرنگی زۆریان بەم بووارە داوە و کەمتر پرژاونەتە سەر بوواری ئابووری بەتایبەت پیشەسازی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی زۆر لە گەڕیدەکان و وڵاتناسان بەتایبەت ئەوانەی بە شێکی زۆری ژیانیان سەرقاڵی گەشتکردن بووینە، سەرەنجام لە کتێبە وڵاتناسەکان ئاماژەیەکی باشیان لەگەشتەکانیان بۆ ئەم بابەتە کردووە، وە لە سەردەمەکانی دواتریش بایەخ وگرنگی زۆر بە مێژووی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی داوە، بەتایبەت هەردوو هەرێمی خۆراسان و بلادماوراءالنهر.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو ناوونیشانە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پیشەسازی سامانێکی گرنگ و سەرچاوەی سەرەکی و کاریگەرە لە پێشکەوتن وگەشانەوەی کۆمەڵگەو بوژانەوەی میللەت، لەهەمان کاتدا پیشەسازی گەشانەوەی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی لە هەردوو سەدەی پێنجەم و شەشەم، سەرەڕای گرنگی بایەخ پێدانی لەلایەن دەسەڵاتدارانی ناوچەکە، وێڕای ئەو بایەخ و گرنگیەی پیشەسازی لە فەراهەم کردنی ژیانی خەڵکی هەردوو هەرێمەکە هەیبووە، کەچی لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی ئەکادیمی تایبەتی بۆ تەرخان نەکراوە، لە کاتێکدا ئەگەر سەرنج بدەین سەر ئەم بووارە، هەست دەکەین کە شتێکی ئەوتۆی لە بابەتەکانی تر کەمتر نەبووە، کە لە نێو توێژینەوە ئەکادیمییەکاندا شوێنیان کراوەتەوە.

سەبارەت بە ڕێبازی توێژینەوە بەگوێرەی تایبەتمەندی و سرووشتی زانستی لێکۆڵینەوەکە، سوود لە ڕێبازەکانی وەسفی و شیکاری و هەڵسەنگاندنی مێژوویی بینراوە، چونکە بابەتەکە جگە لە باسکردنی بووارێکی ئابووری مێژوویی، هەروەها بەدیارخستنی تەواوی لایەنەکانی ئەم بابەتە، لەگەڵ ئەوەش ڕەچاوی شێوازی زانستی وەرگرتن و داڕشتنەوەی دەقە مێژووییەکان کراوە..

ئەم توێژینەوەیە، لە دوو تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، هەر تەوەرێک دابەشی چەند باسێک کراوە، لە تەوەری یەکەمدا، هەر تەوەرێک دابەشی چەند باسێک کراوە، لە تەوەری یەکەمدا باس لە پیشەسازیە سەرەکیەکان دەکەین، کە تیایدا تیشک خراوەتە سەر گرنگترین مەڵبەندەکانی ، تەوەری دووەمیش تەرخانکراوە بۆ باس کردنی پیشەسازیە لاوەکیەکان لە هەردوو هەرێمەکەدا ، لە هەمان کاتدا باس لە مەڵبەندەکانی پیشەسازیە لاوەکیەکان کراوە.

لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا، سوود لە زۆر سەرچاوە و ژێدەر وەرگیراوە، ئەوەی لە هەموویان زیاتر سودمان لێ بینیبێت، کتێبە بلدانیەکان بووە، لەوانە کتێبی (المسالك والممالك)ی ابی اسحاق ابراهیم بن محمد الاصطخری(م341ك/952ز) کتێبی (صورة الارض)ی ابی القاسم ناسراوەبە ابن حوقل(م367ك/977ز)، کتێبی(حسن التقاسیم فی معرفة الاقالیم)ی محمد بن احمد المقدسی(م380ك/990ز) کتێبی (معجم البلدان)ی شهاب الدین أبی عبدالله یاقوت الحموی(م626ك/1228ز)، سەرەڕای سوودبینینمان لە هەندێك کتێبی مێژووی گشتی، بەتایبەت (تاریخ بخاری) لابی بکر محمد بن جعفر النرشخی(م348ك/959ز)، ئەمانە بووەتە سەرچاوەیەکی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، سەرەڕای ئەوەی سەرچاوەیەکی دیکەی بابەتەکە ژێدەرەکانن، سوودی زۆرمان بینی لە هەندێك لە ژێدەرەکان بەتایبەت ئەوانەی پەیوەندیان بە بابەتەکەی ئێمەوە هەبووە، لەوانە (بلدان الخلافە الشرقیة)ی کی لسترنج و کتێبی (ترکستان)ی بارتولد، (خراسان فی العصر الغزنوی)ی محمد حسن العمادی و (تاریخ بخاری)ی ارمینیوس فامبری، (الاوضاع الاداریة والاقتصادیة والاجتماعیة للامارات الاسلامیة ببلاد ایران)ی حسین ابراهیم الجبراني، لە کۆتاییدا ئەم توێژینەوە وەک هەر توێژینەوەیەکی دیکە، لە هەڵە و کەموکوڕی بە دەر نیە، ئەگەرچی هەوڵی زۆرمان داوە، تا دەکرێت لەم هەڵانە بە دووربین، هیوادارم خزمەتێکی زانستیمان لەم بابەتەوە پێشکەشکردبێت.

### 2- پیشەسازی

ابن خلدون بەم شێوەیە پیشەسازی ناساندووە و دەڵێ:((پیشەسازی خاوەنداری هزرێکی زانستیە، هەرچەندە لە بنەڕەتدا کارێکی جەستەییە)) (2003،ص315) ، هەروەها جیاکاری کردوو لە نێوان دووجۆر لە پیشەسازی یەکەمیان: ئەو پیشە سادەوساکارەی کە مرۆڤ بۆیەکەم جار پێی ئاشنابووە، بۆ پڕکردنەوەی پێویستیە سەرەتایەکانی ژیانی، دواتر لە ئەنجامی بیرکردنەوەی باشتر، مرۆڤ گەیشتە قۆناغی دووەم: ئەویش پیشەیەکی تێکەڵەیە زیاتر بۆ جوانکاریە (2003،ص315)، بۆیە پیشە سازی بە سەرچاوەی سەرەکی گەشەسەندنی ئابووری لە هەرێمەکانی خۆراسان و بلاد ماوراءالنهر دادەنرێت ، بەڵام یەك پیشەسازی بەتەنها نەبۆتە بناغەی

دروست بوونی ئابووری لەم دوو هەرێمە، بەڵکۆ جۆراو جۆری پیشەسازی لە بەشێك لەشارو گوندەکانی هەردوو هەرێمەکە شان بەشانی کشتوکاڵی کردن بلاوبۆتەوە، ڕۆڵێکی کاراو دیاری لە بەگەرخستنی بزوتنەوەی پیشەسازی و بازرگانی و بازاڕو دارایی لە هەردوو هەرێمەکە هەبووە.

گەشەسەندنی پیشەسازی لەم دوو هەرێمەدا بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، بایەخدانی دەسەڵاتدارانی سیاسی بەدامەزراندنی پیشەسازی جۆراو جۆر و پێشکەوتوو و تایبەتمەند لە شارو هەرێمە جۆربەجۆرەکاندا، سەرەڕای زۆری کەرەستەی خاوی جۆراو جۆری پێویست، لەهەمان کاتدا بەدیارکەوتنی بەهرەی پیشەسازی بەنمونە بەدیارکەوتنی کەسانی شارەزاو پسپۆربەهۆی سوودبینیان لەوانەی پێش خۆیان، یاخود زۆرجار بە میرات پیشەکەیان بۆدەمایەوە، سەرەڕای گەشەسەندنی چالاکی بازرگانی کە هاوکارو یارمەتیدەرە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ بەرهەمە جۆراوجۆرەکان(الجبرانی،2015،ص205-211) ئێمە لەچوارچێوەی لێکۆلینەوەکەمان پیشەسازیەکانمان کردووە بەدوو جۆر، ئەوانیش پیشەسازی سەرەکی و پیشەسازی لاوەکی.

## 3. پیشەسازیە سەرەکیەکان.

پیشەسازیە سەرەکیەکانی هەردوو هەرێمەکەمان بۆ چەند پیشەسازیەکی سەرەکی و گرنگمان دابەشکردووە کە بریتین لەمانەی خوارەوە:-

### 3. 1. پیشەسازی ڕستن وچنین.

ئەم پیشەسازیە هەر لەسەرەتاکانی بانگەوازی ئیسلامی گرنگی پێدراوە، بۆتە یەکێك لەکارە لەپێشینەکانی فەرمانڕەوایانی دەولەتی ئیسلامی بە درێژای سەردەمە ئیسلامیەکانی پێشوو (ماهر،1986،ص95) هەرێمەکانی خۆراسان و بلادماوراءالنهر بە یەکێك لەو دووهەرێمە گرنگانە ناسراون لە ڕووی پیشەسازی ڕستن وچنینەوە، ئەم پیشەسازیە پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی لە دوای فتوحاتی ئیسلامی(القرطبي،1986،ج2،ص175) لە وڵاتی ئیران بە شێوەیەکی گشتی لە سەرەتاکانی هاتنی ئاینی ئیسلام لەهەندێك لەشارەکان باجیان دەدا بۆ ژمارەیەك لە چنینە بەنرخەکان کاتێك دەیان ناردە ناوچەکانی دەوروبەر(حسن،1946،ص212) ئەم پیشەسازی ڕستن وچنین لەو پیشەسازایانە بووە چاودێری کراوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی ئیسلامیەوە (ماجد،1972،ص111)، زۆرجاریش قورغکاری پێوە دیاربووە (عبدالرؤوف،1975،ص215)، پیشەسازی ڕستن وچنین لەم دوو هەرێمەدا بۆ چەند جۆرێك دابەش کراوە:-

#### 1-پیشەسازی لۆکە.

هەرێمەکانی خۆراسان و بلادماوراءالنهر گەورەترین سەنتەری پیشەسازی لۆکەی لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی تێدا بنیادنراوە، گرنگترین ئەو پیشەسازیانەی هەرێمی خۆراسان لەسەردەمی غەزنەویەکان و سەلجوقیەکان پڕ بەناوابانگ بووە و گەورەترین مەڵبەندی پیشەسازی لۆکەی لێبووە بەتایبەتی لە شارەکانی مرو ( ) و نیسابور( )بووە، گرانبەهاترین جۆرەکانی لۆکەش لەم شارانە بووە(الحموي،1996،ج2،ص254) کە دەفرۆشرانە شارەکانی تری خۆراسان و عێراق و مسر، هەروەها سەنتەری تایبەتی بە چنینی کەتانیشی لێبووە، بەتایبەت شاری کارزون بە پیشەسازی کەتان بەناوابانگ بووە بەهەمان شێوە هەناردەی وڵاتانی دەوروبەرکراوە(المقدسي،2003،ص ص 324-325)، پیشەسازی ڕستن و چنین لەشاری مرو زۆر گەشایەوە بە دروستکردنی جل وبەرگی لۆکەی زۆر جوان و چاك وپێشکەوتوو بەناوابانگ بووە، هەروەها مێزەریشان لە لۆکە دروست دەکرد(الثعالبي،1956،ص62؛ الادريسي،2002،ص ج1،ص476)، هەر لەم شارە لە بەناوبانگترین ئەو جل و بەرگانەی لە پیشەسازی لۆکە دروست دەکران کە زیاتر چینی دەسەڵاتدارەکان لەبەریان دەکرد، زۆرترین ڕێژەی هەناردەی ئەم شارە لەم جۆرە جل و بەرگانە بووە(حسنين،2004،ص79).

شاری نیسابوریش لە ڕووی بایەخدانیان بە پیشەسازی لۆکە لەشاری مرو کەمتر نەبووە ، لە بەرئەوەی ڕێژەیەکی زۆری زەویەکانی ئەم شارە بە بەرهەمی لۆکە دەچێنران، لە بەر زۆری بەرهەمەکەی لە ناوەخۆ بەشێکی زۆریشی هەناردەی دەرەوە دەکرا(ابن حوقل،2009،ص324) ئەو قوماشەی لە لۆکەی شاری نیسابور دروست دەکرا، هەموو چینەکانی کۆمەڵگا بە تەواوی بەبێ جیاوازی دەیانتوانی سوود لە لۆکەی شارەکە وەربگرن وبەکاربهێنن لەوانە لباد کە پۆشاکێکی چینی گشتی خەڵك بوو لەبەرئەوەی نرخەکەی هەرزان و گونجاو بوو بۆیە بۆ هەموو تاکەکانی گۆمەڵگا هەبووبیکڕن(الجبراني،2021،ص156).

هەرێمی بلاد ماوراءالنهر بەهۆی زۆری کشتوکاڵ و سامانی ئاژەڵداری و سامانی کانزایی، واتە زۆر بوونی کەرستەی خاو و زۆری دەستی کرێکاری لێهاتوو وایکردووە بایەخ بەپیشەو پیشەسازی جۆاوجۆر بدرێت، چەند ناوچەیەك وەکو سەنتەری پیشەسازی وابووە هەرێمی خوارزم( ) بە پیشەسازی جل و بەرگی لۆکە بەناوابانگ بووە، هەروەها بەهەمان شێوە اسبيجاب( ) بازاڕەکەی بە

بازاڕی لۆکەکان بەناوبانگ بووە(المقدسي،2003،ص272؛ كي لسترنج،1954،ص ص465، 520) شاری سمرقند( ) بەچەند جۆری پیشە و پیشەسازی بەناوبانگ بووە و چەند جۆرێك جل وبەرگی لێی دروستکراوە(الحموي،1996،ج3،ص37)، هەروەها شاری بخاری ( )جۆرێکی باشی لە لۆکە بەرهەم دەهینا بەکاردەهات لە دروستکردنی جل و بەرگدا، بەڵام لەبەر بەرزی ڕێژەی کواڵێتەکەی و باشی جۆرەکەی لە بازاڕدا داواکاری زۆری لەسەر بووە، بەگرنگترین مەڵبەندەکانی پیشەسازی لە جیهانی ئیسلامی دانراوە(الحميري،1980،ص40)، جگە لەمانە چەندشارو ناوچەیەکی تر بە پیشەسازی لۆکە بەناوبانگ بوون لەوانە شاری کابول بەچەند جۆرێك لەپیشەسازی لۆکە ناویان دەرکردووە(ابن حوقل،2009،ص375).

لێرەدا پێویستە بڵیین هەرچەندە لەهەردوو هەرێمەکە بایەخ بەم پیشەسازیە دراوە، بەڵام بە پێی ئەو وسفەی لەلایەن زاناو مێژوونووس و جوگرافیناسی سەدەی شەشەمی کۆچی/ دوازدەی زاینی( الادريسي) بایەخ پێدانی شاری مرو بە پیشەسازی لۆکە لە هەموو شارەکانی تری هەرێمی خۆراسان زۆر زیاتر بووە، تەنانەت لە شارەکانی هەرێمی بلادماوراءالنهر کە بەم شێوەیە ئاماژەی بۆ کردووە ((شاری مرو بەرهەمێکی نایابی و سەرەنج ڕاکێشی بێ وێنەی لە لوکەی هەبوو، جل وبەرگی لێی دروست دەکرا و بۆ تەواوی ناوچەکان هەناردە دەکرد))(الادريسي،2002،ج1،ص110).

### 3. 2. پیشەسازی خوری (الصوف).

هەرێمەکانی خۆراسان و بلاد ماوراءالنهر لەبەر ئەوەی زەوی فراوان و پاوان ولەوەڕگای زۆریان هەبووە، بۆیە بۆتە هۆی ئەوەی ئاژەڵ و مەڕوماڵاتی زۆری تێدا بەخێو بکرێت، ئەم ئاژەڵانە جگە لەوەی سوود لە گۆشتەکەی وەردەگیرا، لەهەمان کاتدا وەکو ئامێرێکیش بەکاردەهێنران لە کێڵانی زەوی و زاردا بەتایبەت لە ناوچە شاخاویە سەختەکاندا، سەرەڕای ئەوەی سوود لە خوری و موەکەی وەردەگیرا لە پیشەسازی سوف بەکاردەهێنرا، لەبەر زۆری مەڕی چاوڕەش لەم ناوچەیە کە گۆشت و خوریەکی زۆر باشی هەبووە بەتایبەتیش خوریەکەی لە پیشەسازی رستن و چنین بەکاردەهێنرا (خولي،1981،ص9)،لەبەرئەوەی پێستەکی زۆرباش وبەنرخی هەبووە لەخوری مەڕەکانی تر جیاوازبووە(أحمد ، 2007،ص258)، شاری مرو لەهەرێمی خۆراسان یەکێکە لەوشارانەی بە پیشەسازی ڕستن وچنینی سوف بەناوبانگە (الحديثي،1976،العدد11،ص339)،ئەو شێوازەی دروستکردنی سوف لەشاری مرو وەکو تەواوی شارەکانی تری خۆراسان بووە، لەسەر هەمان ئەو سیستەمەی بەردوام بووە بەخولانەوەی دەزووەکان وگۆرینی ڕیشاڵەکانی رووەك(لۆکەو کتان) بۆناو فیلامێنتەکان یاخود ئامیرەکانی دروستکردن بەبەکارهێنانی کاری دەستی و دواتر کاری بۆیەکردنی بەدویدا دەهات (حسنين،2004،ص104).

لە کۆتاییەکانی سەدەی پێنجەم وسەرەتای سەدەی شەشەمی کۆچی، لەتەواوی هەرێمی خۆراسان بەتایبەتی لەشاری مرو پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، بەهۆی ئەوەی زیاتر لەکارەکانیان بەشێوازێکی ورترو ڕوونتر و بەباوەڕبوونێکی تەواو بە ئەنجام دەگەیاند ئەمەش بەهۆی کارکردنی ئامێرەکانی پیشەسازی و ڕستن وچنین بەیەکەوە، سەرەڕای وردبینی لە وێنە و ڕازاندنەوە و جوانی، لەهەمان کاتدا بەکارهێنانی میکانزمی گونجاو بەبەکارهێنانی وێنەی ئاژەڵ و باڵندە، هەموو ئەمانە شێوەیەکی جوانی بە چنینەکە دەبەخشی(الوزونة،2007،ص103)، شاری نیسابور لەبواری بایەخدانیان بە پیشەسازی سوف هاوشانی شارەکانی تری خۆراسان بووە(العمادي،1997،ص135)، شاری هراتیش بەهۆی زۆی بەخێوکردنی مەڕ مەڵبەندێکی سەرەکی پیشەسازی لۆکە بووە، بەناوبانگترین قوماشی سوف بەهەموو ڕەنگەکانی بەتایبەتی ڕەش و سپی و خاکی چەندڕەنگێکی تروبەجوانترین شێوەی بەردەست بووە(القلقشندي،1963،ج4،ص53).

بەڵام ئێمە لە هەرێمی بلادماوراءالنهر دەبینین بەهۆی زۆری بەخێوکردنی مەروماڵات والێهاتووە، لەبواری دروستکردنی سوف پیشەنگ بێت و پێش شارەکانی هەرێمی خۆراسان بکەوێت وچەند شارێکی ببێتە سەنتەری هەرێمەکە و ناوچەکە، لەوانە شاری تالقان لەدروستکردنی سوف و لباد بەناوبانگ بووە کە بەناوی لبادی تالقانی ناوبانگی دەرکردبوو، هەروەها سەغانیان بە جۆری باشی جل و بەرگی سوف یاخود خوری جیادەکرایەوە (المقدسي،3003،ص272؛ كي لسترنج،1954،ص ص465، 520)، هەروەها خەڵکی گوندی داربنجی( ) خەریکی پشەسازی سوف بوون (المقدسي،2003،ص283)،شاری سمرقند لەسەرووی ئەوشارانە دێت بەدروستکردنی جل و بەرگی سوف بەناوبانگبوون هەروەها بە باشترین جۆرەکانی لباد جیادەکرێتەوە، زۆر جار ئەم لبادە بۆ خۆپاراستن لە سەرما بەکادەهات، تەنانەت لە بەرگرنگی پێدانی ئەم پیشەیە لە هەرێمی بلادماوراءالنهر هەندێك لەزانایان هەڵگری نازناوی لباد بوون بەنمونە وەك قازی محمد کوری تاهیر عبدالرحمن سمرقندی لبادی(463ك/1070ز) (الحموي،1996،ج4،ص172).

**3.3. پیشەسازی ئاوریشم)الحرير).**

سەبارەت بە بنیادنانی پیشەسازی ئاوریشم لەهەرێمەكانی خۆراسان وبلادماوراءالنهر بۆدەرئەنجامی كشتوكاڵی كردن و بوونی ڕێژەیەكی زۆری دارتوو كە خوراكێكی سەرەكیە بۆ گەشەكردنی كرمی ئاورشمی، هەروەها بۆ دەرهێنانی ئاورشمی سروشتی بەنرخ كە((قناويز)) پێ دەگوترێت دەگەڕێتەوە (احمد،2007،ص285)، ، ئەم ئاورشمە شوێنی تایبەتی بەخۆی هەبوو كە لێوەی هاوردەناردەكرا بەتایبەتی لە بخاری وهیند نازناوەكەشی (الابريسم) بوو(ابن الاثير،1980،ج1،ص537)، بە بوونی وێنەی ئاژەڵ و رووەك و دار و باڵندە لەسەری جیاكراونەوەتەوە، لەشاری هراة ( )ئەم پیشەسازیە لەو پەڕی بەهێزی دابووە بەتایبەتی لە سەردەمی سەلجوقیەكان (النويري،1954،ج1،ص369؛ ابن منظور،1414ه،ج5،ص347)بوونی هەموو جۆرێكی جل و بەرگی ئاوریشم لێبووە، بەهۆی زۆری داواكاری لەسەر پیشەسازی هراة لەدەرباری سوڵتان بەتایبەتی لە بۆنەو ئاهەنگەكاندا یاخود لە رێوڕەسمەكانی دەوڵەتدا، لەهەمانكاتدا دەست كەوتنی جل و بەرگی ئاوریشم لە كۆشك یەكێك بوو لە پێویستیەكانی ئەوان، هەربۆیە هراةبەیەكێك لەشارە دیارەكانی پیشەسازی جلوبەرگی ئاوریشمی دادەنرێت(المقدسي،2003،ص ص3240325).

پیشەسازی ئاوریشم لە خەواف و زاوە دووناوچەی سەر بە ئیدارەی هراتە هەبووە، ئاورشم لە نخ و كمخا جۆرێك لە قوماشی ئاورشمی لێی دروست دەكرا و بە زێڕ دەڕازاندرایەوە، لە بنەڕەتدا لەچین دروست دەكرا دواترهاوردە كرا زۆرتریش لەلایەن چینی فەرمانڕەوا دەپۆشرا، بەڵام دواتر ئەم پیشەسازیە گواسترایەوە بۆناوچەی فارس بەناوی كمخاkimkha هراتیش پێ بەناوبانگ بووە(ابن بطوطة،1405ه،ص389)هەروەها گوندی شاوشكان كەنزیكەی چوار فەرسەخ( )(24كم) لەشاری مرو دوورە(الحموي،1996،ج4،ص200)، لە بەناوبانگترین جۆری ئاوریشمەكانی لێبووە، هەر بۆیە شاری مرو بەگەورەترین سەنتەری پیشەسازی ئاوریشم دادەنرێت لەهەرێمی خۆراسان، بەهۆی گرنگی پێدانی بەشیك لەدانیشتوانی ناوچەكە بەم پیشەیە خێزانەكانی ئەم ناوچە هەڵدەستا بەكڕینی كرمی ئاوریشمی و بەخێوكردنیان (السمعاني،1999،ج2،ص532).

لە هەرێمی بلاد ماوراءالنهریش چەند ناوچەیەك هەبووە بە پیشەسازی ئاوریشم بەناوبانگ بووە، بەتایبەتی شاری سمرقند پیشەسازی ئاوریشمی زۆری لێبووە كە (القز) پێ گوتراوە( ) ، بەهەمان شێوە لەشاری بخاری و هەرێمی خوارزم پیشەسازی ئاوریشمی هەبووە (فامبري،1965،ص25؛ كي لسترنج،1954،ص502) هەروەها ئاوریشمی خجندە بەناوبانگە وجوانترین و بەپێزترین ئاورشمی هەبووە (الحموي،1996،ج4،ص200) ناوچەی نەوبهار لەشاری بلخ( ) بەهەمان شێوە بایەخیان بە پیشەسازی ئاوریشم داوە(الحموي،1996،ج4،س404).

ئەوەی لێرەدا بۆمان بەدیاردەكەوێت لەنیوان گرنگی پێدانی هەرێمەكانی خۆراسان و بلادماوراءالنهربە پیشەسازیەكانی رستن وچنین و خوری (صوف) وەیاخود پیشەسازی ئاوریشم، دەكرێت بڵێین گەشەسەندنی پیشەسازی و بەدیاركەوتنی سەنتەرەكانی بۆ جێگیربوونی تاڕادەیەك دەسەڵاتی سیاسی لەلایەك، هەروەها بۆدابینكردنی پێداویستیە وبنەڕەتیەكانی دیكە لە جل و بەرگ و پێداویستی ژیانی ڕۆژانەی چینە جیاوازەكانی كۆمەڵگا لەلایەكی تر دەگەڕێتەوە، سەرەڕای خۆشگوزەرانی بارودۆخی ئابووری بەشێوەیەكی گشتی و فەراهەم بوونی كەرستەی خاوی پێویست لەم دوو هەرێمەدا، دەتوانین بڵێین پاڵنەری سەرەكی گەشەسەندنی پیشەسازی رستن چنین بەهەموو جۆرەكانیەوە بووە، زیاتریش بۆ خەلیفەكان و ئەمیرو سەركردەكان و دەوڵەمەندەكان دەگەڕێتەوە كە زۆربە پەرۆشبوون بۆ كڕینی جل وبەرگە گرانبەهاكانی وەكو ئاوریشم و لۆكە وكەتان ...هتد بەبێ گوێدانە نرخەكەی هەروەك الصابی دەڵێ: (( ...إنما يقام لأمير المؤمنين أيده الله من الكسوة والفرش ...ثمانمائة وربعة عشر ألف دينار))(الصابي،1986،ص26).

ئێمە لێردا تێبینی ئەمەش دەكەین پیشەسازیەكانی لوكەو خوری و ئاوریشم لەهەرێمەكانی خۆراسان بلادماوراءالنهر گەیشتە پلەیەكی پێگەیشتوو و پێشكەوتوو لەداهێنان ئەوەش بۆ بەرجەستە بوونی كەرستەی خاوی زۆردەگەڕێتەوە، بۆتە هۆی بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە پیشەسازیانە، بەڵام ئەو جیاوازیەی لەنێوان هەردوو هەرێمەكەدا بەدی كراوە، زیاتر ئەو پیشەسازیەی لەهەرێمی خۆرسان هەبووە، زۆرترموڵكی خۆماڵیەتی پێوەدیار بووە، بەپێچەوانەی پشەسازیەكانی بلادماوراءالنهر كە زیاتر كاریگەری پیشەسازی وڵاتی چینی پێوە دیاربووە، ئەمەش بەهۆی هەڵكەوتەی شوێنی جوگرافی وهاوسنووربوونی دەگەڕێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئەم كاریگەریە زۆر درێژەی نەكێشاوە بەهۆی گەشەسەندنی پیشەسازیە ناوەخۆیەكانی بلاد ماوراءالنهر، سەرئەنجام كاری كردۆتە سەر كەمتر بەكارهێنانی كاڵای وڵاتی چین، پیشەسازی ناوچەكە والی لێهاتووە لە ململانێدا بێت بۆ جێگیركردنی پیشەسازی ناوەخۆی (الصيني،1950،ص130).

**3. 2. پیشەسازی كانزاكان.**

بەشێك لە جوگرافیناس و وڵاتناسە موسڵمانەكان باسیان لەو ماددە كانزاییانە كردووە، كە هەریەكە لە هەرێمەكانی خۆراسان و بلاد ماوراءالنهر پێی بەناوبانگ بوون وەكو زێر و زیو وئاسن و چەند ماددیەكی تر، ئەو ماددانەش یەكێكن لە جۆرەكانی سامانی سروشتی خوای گەورە بە بوونەوەری بەخیشوە ، ئەم سامانە دەچیتە بابەتی پیشەسازی دەرهێنان، بە هۆی دەوڵەمەندی ئەم دوو هەرێمە لە رووی ئەم سامانەوە بوونەتە گەورەترین  سەرچاوەی سەركی دەرهینانی كانزاكان، سەرباری زۆری ژمارەی كانەكانی كانزا، بۆتە زیادبوونی جوڵەی پیشەسازی بەهەموو جۆرەكانیەوە، گرنگترین ئەو پیشەسازیانەی لەم دووهەرێمە ئەنجام دراوە ئەمانەن:-

**3. 2. 1. ئاسن.**

هەرێمەكانی خۆراسان و بلاد ماوراءالنهر بە پیشەسازی ئاسن و سفربەناوبانگ بوون بەهۆی بوونی ئەم دوو ماددەیە لەم دوو هەرێمەدا،  لەوانە شاری هراة یەكێك بووە لەو شارانەی بە پیشەسازی ئاسن بەناوبانگ بووە، بەهۆی دەرهێنانی ئاسن لەناخی زەویەكەی، ئەم ئاسنە سوودی زۆری هەبووە بۆ دروستكردنی ئامێرەكانی كشتوكاڵی كردن، وەك تەورو داس و  ئامێری زەوی كێڵان بەكارهاتووە، سەرەڕای دروستكردنی كەل  وپەلی جەنگی وەك شمشیرو تیروكەوان و رم وتیغی باش، ئەم پیشەسازیەش دابەش بووە لەنێوان دروستكردنی چەكی سوك وەك شمشێر چەكی قورس وەك مەنجەنیق(النرشخي،1965،ص100؛المقدسي،2003، ص325)، هەروەها دروستكردنی كاسەو كەوچك ومەنجەڵی چێشت لێنان وكەلوپەلی جوانكاری ناو ماڵی وەك ئاوێنە، كەبە جوانی دروست دەكران(المقدسي،325،2003؛ حافظ ابرو،د.ت،ص50).

هەروەك باسمان كرد ئاسن دەچێت ناو پیشەسازی دروستكردنی كەل و پەلی ناو ماڵ وەكو دروست كردنی چەقۆ وقاپ و پەرداخ ...هتد، بەشێك لە بەرهەمەكەی لە ناوەخۆ بەكاردەهێنرێت و بەشێكیشی هەناردەی دەرەوە دەكرێت(الحموي،1996،ج1،ص142، ج3،ص256) شاری مرو بە قفلی ئاسنی گەورە و دەرگا دروستكردن بەناوبانگ بووە، یەكێك لەو قفلانەی دروستكراوە وەزنەكەی دانیقێك(  )بووە(الحموي،1996،ج3،ص257)، سەرەڕای ئەوە شاری مرو بە ڕێژەیەكی زۆر سفریشی لێبووە (الحموي،1996،ج3،257)بەشێكی زۆری سەرچاوەی كانزاكان لە زنجیرە چیاكاندا دۆزراونەتەوە لە هەرێمی بلاد ماوراءالنهر بەهەمان شێوە بووە (الحموي،1996،ج5،ص46)، زیاتریش لە قەد پاڵی چیاكانی بتم و لەگەڵ بەشێك لە ناوچەكانی فرغانە بەتایبەت مینك( ) و  مرسمندە( )(الادريسي،2002،ج1،ص506)، لەهەرێمی صغد بەتایبەتی لەشاری بخاری (فامبري،1965،ص ص 63، 312)بەیەكێك لەمەڵبەندەكانی دروستكردنی پیشەسازی چەك لە ماددەی ئاسن دادەنرێت، لەبەر زۆری ئەو ڕێژەی كە لێوەی بەرهەم دێت لە چوارچێوەی خەراجی ساڵانەی بلادماوراءالنهر دادەنرێت(المقدسي،2003،ص340؛ شريف،2019،ص215)، جگە لەبوونی ڕێژەیەكی زۆری ئاسن و سفرلەناوچەی شاش هەبووە (المقدسي،2003،ص111).

ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە هەرێمی خۆراسان بەهۆی هەڵكەوتەی شوێنی جوگرافی كەش و هەواو پێكهاتەی خاكەكەی وای كردووە كانزای سفر لە خاكەكەی زۆربێت، ئەمەش یارمەتی دەربووە ئەم جۆرە پیشەسازیەی تێدا گەشە بكات وبازاری تێدا گەرم گوڕ بێت، سەرەڕای ئەوەی كارگەی پیشەسازی ئاسنی زۆر گەورەشی لە شاری مرو وهراة هەبووە، بەڵام بە پێچەوانەی ناوچەی شاش وفرغانە  لە هەرێمی بلادماوراءالنهر هەرچەندە پیشەسازی سفریشی هەبووە ، بەڵام زیاتر پیشەسازی ئاسنی تێدا بەدیاركەوتووە و پێی بەناوبانگ بووە، بەهۆی زۆر بوونی ئەم ماددەیە لە چیاكانی  بەتایبەتی لە زنجیرە چیاكانی بتم.

**3. 2. 2-زێڕ.**

زێر یەكێكە لەو كانزا بەنرخانەی هەرلە كۆنەوە داخوازی زۆری لە سەربووە، بەتایبەتی لە پیشەسازی خشڵ، هەروەها بۆ ڕازاندنەوەی و جوانكاری ئافرەتان بەكارهاتووە، سەرباری ئەوەی لە پیشەسازی دروستكردنی قاپ و قاچاغ و یاخود بۆڕازاندنەوەی كۆشكی فەرمانڕەواكانی وڵات بەكارهاتووە، هەروەها چۆتە ناو پیشەسازی چینەوە، لە ڕێگای هاوتەریب كردنی دەزووی زێڕ بە قوماشی ئاوریشم، لە كۆتایشدا بۆ لێدانی سكە بەكارهاتووە وەك دینار بۆ ئەوەی ببێتە  ئەوهێزە ئابوورییەی كە درهەمی زیو ڕكابەری لەو وڵاتەدا لەگەڵی دەكرد(ابن خرداذبة،1889،ص179؛العمادي،1997،ص133).

سەبارەت بەبوونی ئەم كانزایە لە هەرێمەكانی خۆراسان و بلادماوراءالنهر، زنجیرە چیاكانی باكووری هەرێمی خۆراسان ڕێژەیەكی زۆری كانزا جیاوازەكانی تێدایە بە زێڕیشەوە، هەرچەندە جوگرافیناسەكان لەسەرەتادا زانیاریەكی ئەوتۆیان لەسەر شوێن وجێگای ئەم زێڕە لە هەرێمی خۆراسان ئاماژە پێ نەكردووە بەڵام دواتر بەپێی سەردەمەكان گۆڕانكاری بەسەر زانیاریەكان لەبارەی دەرهێنانی زێڕدا هاتووە، كەچۆن كانزای زێڕ لەرێژگەی ڕووبارو دۆڵەكان دەردەهێنرێت، گوندی وخد یەكێكە لەوگوندانەی دەكەوێتە سەر ڕووباری باشخوار كە لقێكە لە لقەكانی ڕووباری جیحون بە دەرهێنانی زێڕ بەناوبانگ بووە، هەروەها باسی لە زێڕی ناوچەی

بلخ کراوە (ابن حوقل، 2009،ص 454)لە باشترین جۆرەکانی لە زێڕی سوورو زەرد بووە، زێڕی نیسابور بە خراپترین جۆری زێڕ دانراوە بەهۆی زۆری ئەو خەوشەی تێیدابووە وەکو زێڕی شاری بەڵخ روون و چاك نەبووە (الحموي،1996،ج2،ص119)، جگە لەوەی هەندێك ناوچەی هەرێمی بلاد ماوراءالنهر لە هەرێمی صغد شاری بخاری بە بوونی زۆری زێڕتێیدا بەناوبانگ بووە،بەڵام ختیل کەوتۆتە سەر رووباری وخشاب زێڕەکەی بە سروشت و چڕی سفرەکەی ناوی بەناوبانگ بووە (البيروني،1355ه،233)،زۆرترین ڕێژەی زۆری زێڕی بەردەست لە ژێر دەستی خەڵکی شاری ایلاقی سەر بەهەرێمی فرغانە بووە (ابوالفداء،1842،ص486).

ئەوەی جێگای تێڕامانە لە بارەی بوونی زێڕ گرنگی پێدانی لە هەرێمەکانی خۆراسان و بلادماوراءالنهر، تێبینی کراوە لە هەرێمی بلادماوراءالنهر زیاتر جێگای بایەخ و گرنگی پێدان بووە بە راورد بە شارەکانی هەرێمی خۆراسان، بەتایبەتی شاری ایلاق سەر بە هەرێمی فەرغانە و شاری ختیل و شاری بخاری (الحموي،1996،ج4، 223)، بەهۆی زۆری ئەو ڕێژە زۆرەی زێڕلە زنجیرە چیاکانی بەتایبەتی چیای بتم لە هەرێمی فرغانە، سەرەڕای بوونی پاشماوەی زۆری ئەم کانزایە لەلایەن پاشاکانی تورك کە وەك چادرێك لە بڵندای کۆشکەکان دەبینران، یاخود کەل و پەل و قاپ قاچاغی پێی ڕەنگ بکرێت و برازێنرێتەوە، ئەمەش زیاتر لەلایەن چینە دەسەڵاتدارەکان بەکاردەهات بۆ جوانتر پیشاندانی ناوەوەی کۆشکەکانیان(ابن الزبير،1959،ص ص 139-140).

هەروەك بەشێك لە پاشا قەرەخانیەکان لەکاتی ڕازاندنەوە و سواربوونی ئەسپەکان سەدهەزار قەلغانی زێڕ و زیویان لەگەڵ چەك و تفاقی تر بەکاردەهێنا(السمرقندى،1949،ص ص 53054)، سەرەڕای ئەوەی یاقوت ئاماژەی بەبەکارهێنانی پارەی زێڕی وەك دینارکردووە لەم هەرێمە، ئەمەش بۆ ئەوە بووە هێز بە باری دارایی و ئابووری هەرێمەکە بدات و ڕکابەری دیناری زیوی پێی بکات(1996،ج3،ص177). هەرچەندە ئەمانە نیشانەو بەڵگەن لەسەر بوونی زۆری ڕێژەی زێڕ لەم هەرێمە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە پێمان وایە زێدەڕۆیی لە کاتی باسکردنی تێدا کراوە .

### 3. 2. 3. زیو.

زیو یەکێکی ترە لەو کانزا بەنرخانەی لە هەرێمەکانی خۆراسان و بلادماوراءالنهر بایەخی پێدراوە، شاری هراة یەکێکە لەشارەکانی هەرێمی خۆراسان بەپیشەسازی زیو بەتایبەتی دروست کردنی مەنجەڵ و کەل و پەلی ناوماڵ بەناوبانگ بووە، بەتایبەتیش لەهەناردەکردنی مەنجەڵی زیوی(ديماند،1982،ص ص148-149)، لەهەمان کاتدا جوانکاریەکانی ئافرەتان هەروەك زێڕ لەزیویش دروست دەکران بەتایبەتی دروستکردنی خڵخاڵ و خەناوکەو ئەنگوستیلەو گوارەو بازنەو چەند جوانکاریەکی تر(البيروني،1355ه،ص17)،ئەم پیشەسازیە لەشاری هراة گەشەیسەند بەجۆرێك زۆرجار لەسەرداواکاری کڕیارەکان نەخشیان لەسەر دروست دەکرا(أصلان،1978 ،ص264)، هەروەها زیوی شاری بنجهیرکە سەر بەناوچەی بەڵخە نزیك لەچیای هندوکوشە( )، بەگەورەترین نیشتمانی زیو لەهەرێمی خۆراسان دادەنرێت، هەتاوەکو چیاکەشی بەناوی ئەم کانزایە ناوبراوە کەلێ دەردەهێنرێت، هەروەها بەدەوڵەمەنترین ناوچەی کانزایی زیو لە ڕۆهەڵاتی ئیسلامی ناوبانگی دەرکردووە (الحموي،1996،ج4،ص199)، هەروەها لەناوچەی (بذخشان) بزخشان سەر بەناوچەی شاری بلخ لە هەرێمی خۆراسان بەکانزای زیو بەناوبانگە هەر ئەم چیایە بەچەند جۆرێکی تر لە کانزا بەناوبانگە (المسعودي،2003،ج1،ص156؛ البيروني،1355ه، ص210).

لەهەرێمی بلاد ماوراءالنهر بە زۆری ڕێژەی کانزای زیو ناوبانگی دەرکردبوو، بەتایبەتی لە چیای بتم لە فرغانە (باتولد،1981،ص149)،هەروەها لەشاری جاربایە (الادريسي،2002،ج1،ص485) ، سەرەڕای بوونی لە چیاکانی اشروسنەو دەورووبەری(كي لسترنج،1954،ص526)، ایلاق وئەو ناوچە چیایانەی دەکەوێنە فرغانە و سنورەکەی، هەتاوەکو ئێستا ئەم ناوچەیە بەچەند جۆرێك لە کانزا بەناوبانگە یەك لەوانە زیوە(محمد،1999،العدد2،ص166).

ئەوەی لەم باس کردن وشیکارکرنی ئەم کانزایە بۆمان بەدیار دەکەوێت، دەکرێت بڵێین لەهەردوو هەرێمەکەدا وەك یەك گرنگی بەم جۆرە کانزایە دراوە، هەردوو ناوچەکە بەم سامانە خودایە دەوڵەمەند بوون و سوودیان لێوەرگرتووە، بەڵام لە هەردوو هەرێمەکەدا زیاتر لەناوچە شاخاویەکان بەدی کراوە بەپێی ئەوەی لەسەرچاوەکاندا ئاماژەی بۆکراوە، بەڵام ئەوەی تیبینی کراوە لەشاری هراتی سەربەهەرێمی خۆراسان ئەم جۆرە پیشەسازیانە ڕەنگدانەوەی زۆرتری هەبووە، سەرباری ئەوەی خەڵکەکەش دەست ڕەنگینی خۆیان تێدا دۆزیوەتەوە، ناوبانگی ئەم شارە لە بایەخدانی بەم جۆرەکانزایە لەتەواوی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی دەنگی داوەتەوە، هەرچەندە قۆناغی یەکەمی سەرکەوتنەکانی لەسەردەمی غەزنەویەکان بووە، بەڵام لەسەردەمی سەلجوقیەکاندا تەواو ڕەگی داکوتاوە وڕەنگی داوەتەوە وەکو هونەرێکی نوێ لە ناوچەکەدا بەدیارکەوتووە (احمد،2007،ص144).

**3. 2. 4. مس (النحاس).**

مس كانزایەكی ترە لە هەرێمەكانی خۆراسان و بلادماوراءالنهر هەبووە و بایەخی پێدراوە، سێ جۆر لەمس بوونی هەبووە، لەوانە مسی سپی هەروەها پێدەڵێن (الاسفیدردی) بە سفریش(الصفر)ناسراوە، ئەم جۆرەیان زۆرتر لە ناوچە شاخاویەكانی بڵاوبۆتەوە، لە هەرێمی بلاد ماوراءالنهر بەتایبەتی لە فرغانەو سمرقند و بخاری و صغد زۆربووە، هەروەها مسی زەرد هاوشێوەشی پێدەڵێن بە هۆی ئەوەی لە ڕووی ڕەنگەوە هاوشێوەی زێڕ ڕەنگی زەردە، ئەم جۆرە بەتایبەت لەناوچە شاخاویەكانی ختل و بزخشان زۆربووە(سرور،1976،ص138؛ ادي شیر،1980،ص98)، جۆرێكی تر مسی بەردی بەزمانی فارسی بەم جۆرە دەڵێن(المس) (النرشخي،1965،ص30)، بەهۆی زۆری ئەم جۆرە مسە بەتایبەتی لەشاری بخاری هەناردەی ناوچەكانی دەوروبەری كراوەلەبەر زۆری ڕێژەی ئەم كانزایە لەشاری بخاری پارەی لێ دروستكراوە (الحموي،1996،ج4،ص199)، لە زۆربەی شارەكانی بامیان و نیسابورو زابلستان ومر و زۆر بووە (البیروني،1355ه،ص264)، بەپێی ئاماژەی جوگرافناسەكان بەشێكی زۆری ئەم كانزایە لەناوچە شاخاویەكانی هەردوو هەرێمەكە بڵاو بوونەتەوە، لەهەرێمی بلاد ماوراءالنهر بەتایبەتی لە سمرقند و اسبیجاب و فرغانەو ربنجنی سەر بە هەرێمی فرغانە ئەم كانزایە لەپیشەسازی دروستكردنی كاسە و كەل وپەلدا بكارهاتووە (مؤلف مجهول،1432ه،ص116؛الحموي،1996،ج4،ص199).

ئەوەی ئێمە تێبینمان كردبێت ئەم كانزایە بەهەر سێ جۆرەكەی زیاتر لەهەرێمی بلادماوراءالنهر بڵاوبۆتەوە وەك لە هەرێمی خۆراسان، ئەمەش بۆ هەڵكەوتەی سروشتی جوگرافی ناوچەكە دەگەڕێتەوە، بەم هۆیەوە ئەم كانزایەو كانزاكانی تریش زیاتر لەناوچە شاخاویەكان بەرچاو كەوتووە دۆزراوەتەوە بۆیە لەم هەرێمە ڕێژەكەی زیاتر بووە بەتایبەتی لەشاری بخاری.

**3. 2. 5. بەردە بەنرخەكان .**

بەردە بەنرخەكان بەهەموو جۆرەكانیەوە لە هەردوو هەرێمی خۆراسان وبلادماوراءالنهر هەبووە، ئەم بەردانە نرخێكی گرانبەهان هەبووە، لە ماددەیەكی ڕەق پێك دێن و چەندین جۆریان هەیە، لەوانە یاقوت، ئەڵماس، مرواری ..چەند جۆرێكی تر، لەلایەن جوگرافیناسەكان ئاماژە بەچۆنیەتی دەرهێنانی ئەم جۆرە بەردانە كراوە، ئەو بەردانەی لەهەرێمی خۆراسان هەبووە بایەخی پێدراوە لەوانە یاقوتی سور و ئەڵماسی گرانبەها زیاتر لەچیاكانی بوونی هەبووە(الحموي،1996،ج2،ص ص 42-43؛ ابوالفداء،1842،ص484) لەباشترین جۆرەكانی یاقوت، بەتایبەتی یاقوتی سۆر لەگەڵ بەردی بەنرخی لازورد( )، لە لەناوچە شاخاویەكانی شاری بزخشان زۆربووە، هەروەها بوونی جۆرە بەردێكی تری بەنرخی وەك بلور ئەم جۆرەیان بەردێكی ڕوونە لە چیاكانی نیسابور هەبووە (الحموي،1996،ج1،ص286)، سەرەڕای بوونی كانزای تری وەكو موگناتیس وكبریت وزەرنیخ (البیروني،1355ه،ص95)، هەروەها بوونی ماددەیەكی تر كە پێ دەگوترێت (نوشاذر) ( ، لە شارەكانی ایلاق و سمرقند هەبووە (الثعالبي،1956،ص153)، هەروەها بوونی جۆرەبەردێك كە پێدەڵێن بەردی چاوەزار ڕەنگێكی شینی هەیە لەشاری نیسابور زیاتر بۆ ملوانكە و ئەنگوسیلە بەكارهاتووە (اصلان،1978،ص263).

لەهەرێمی بلادماوراءالنهر چەند جۆرێكی تری كانزا هەبووە وەك خەڵوزی بەردی جۆری جیاوازی هەبووە و سوودی زۆری هەبووە، خۆڵەكەی بۆپاكردنەوەی جل بەكاهاتووە (القزویني،2013،ص،306؛ ابوالفداء،1842،ص486)سەرەڕای ئەوەی وەك ماددەیەكی پزیشكی و دەرمان و چارەسەركردنی چاو بەكارهاتووە، بەشێكی زۆری ئەم خەڵوزە بەتایبەتی لە جۆرە باش و سەرەنج ڕاكێشەكەی لە هەرێمی فرغانە بووە (ابوالفداء،1842،ص487)،هەروەها كبرێت زیاتر لەناوچەی ربنجنی سەرصغەد هەبووە (كي لسترنج،1954،ص515).

ئەوەی لێرەدا ڕوون دەبێتەوە ئەو كانزایانە بەشێوەیەكی یەكسان لەنیوان هەردوو هەرێمەكەدا وبڵاونەبۆتەوە، بەڵكو لەشوێنێكەوە بۆ شوێنێكی تر لە نێوان هەردوو هەرێمەكەدا جیاوازە، زۆرتریش لەناوچە شاخاویەكانی هەردوو هەرێمەكە بەرچاو كەتووە، ئەم بەردە بەنرخانە بۆ پیشەسازی جوانكاری و بواری پزیشكی و پیشەسازی خەلوزی بەردی جۆری تر بەكارهاتووە، هەروەها ئەوەی تێبینی كرابێت زۆرتر بەردە و ماددە بەنرخەكان لەهەێمی بلادماوراءالنهر بەرچاو كەوتووە، بەتایبەتی زۆر بوونی بەردی یاقوت ومرواری لەناوچەكانی طغارستانی سەر بەدەسەڵاتی توركەكان هەبووە(الحموي،1996،ج1،ص36)، هەروەها لەگەڵ ماددەی تری وەك نوشاذر لەشارەكانی هەرێمەكە بوونی هەبووە (الثعالبي،1956،ص431)، سەرەڕای بوونی ماددەی تری وەك زەرنیخ وكبریت (البیروني،1355ه،ص95).

### 3. 2. 6. چەند کانزایەکی تر.

ئەو ناوچە شاخاویانەی کەوتوونەتە هەرێمەکانی خۆراسان وبلادماوراءالنهر بە چەند کانزایەکی بەنرخی تر بەناوابانگ بوون، لەوانە قیروجفت وکبریت ئەمر ماددانە زیاتر لە چیای بتم لەهەرێمی بلادماوراءالنهر بڵاوبووە، بەتایبەت لەوشارانەی کەوتۆتە نێوان بخاری وسمرقند و فرغانە هەبووە (البيروني،1355ه،ص199)، ئەمر قیروجفتە زۆرجار وەك ماددیەك بۆ ڕووپۆشکردنی کەشتیەکان بۆ ڕێگری کردن لە دزەکردنی ئاو یاخود وەکو ماددەیەکی بنەڕەتی لە دروستکردنی خاونووبەرەو پرد وقەنتەرە بەکاردەهات، ئەمر جۆریان زیاتر لەهەرێمی بلادماوراءالنهر زۆر بەردەست بووە، هەروەها بوونی ماددەی تربۆ پاکردنەوە بەکاردەهات پێ دەگوترا باك زهر( )، سەرەڕای ماددەی تری وەك ڕەساس لە زۆر بواری پیشەسازی بەکاردەهات، زیاتر لە بەشی سەرەوەی هەرێمی شاش و ناوچە شاخاویەکانی نێوان بخاری وسمرقند زۆر بووە، هەروەها لەناوچەی تری وەك فرغانەو ناوچەی وزابلستان هەبووە (القزويني،2013،ص306).

چەند ماددەیەکی تر بەراورد لەگەڵ هەرێمی خۆراسان لە هەرێمی بلادماوراءالهر زۆرتر بووە، هەروەها بوونی کانزای جیوە وەکو ماددەیەکی پزیشکی بۆ زانینی بەرزی ونزمی پلەی  گەرمی و بەرزی پەستانی خوێن بەکاردێت، بەپێ ئاماژەکردنەکان ئەمر کانزایە بە پلەی یەکەمر لەهەرێمی بلادماوراءالنهر هەبووە لەهیچ شوێنێك بەو ڕێژەیە زۆر نەبووە، هەروەها بوونی جۆرە بەردێکی تر پێدەگوترێت فتیلە ئەمر جۆرە وەك پارچە وایە ئاگرناگرێت تاوەکو چەور نەکرێت، ئەمەش زیاتر بۆ ڕووناکردنەوەی ژوورە تاریکەکان بەکاردەهات زیاتر لەناوچەی بزخشان زۆرە (الحموي،1996،ج1،ص286).

سەرەڕای ئەمر کانزا جۆربەجۆرانە بوونی نەوت لەهەرێمەکانی خۆراسان وبلادماوراءالنهر بەتایبەتی لەناوچەی ئەسبرە لە هەرێمی شاش و قەد پاڵی زنجیرە چیاکانی نێوان بخاری وفرغانە (الحموي،1996،ج1،ص287) وقەوازیان(القواذيان)( ) زۆربووە (المقدسي،2003،ص326)، بەهۆی قورسی و زەحمەتی لە دەرهێنانی لەناخی زەوی، بۆیە لەهەردوو هەرێمەکەدا دەرهێنانی تاڕادەیەک سنووردار بووە(شيخ الربوة،2013،ص79)، دەکرێت بڵێین زۆرترین ئەو ماددانەی لەسەرە باسمانکرد لە هەرێمی بلادماوراءالنهر بوونی هەبووە، کەمتر لەهەرێمی خۆراسان بەبەرچاو کەوتووە.

### 3. 3. پیشەسازی پێستە.

پیشەسازی پێستە بەیەکێک لە پیشەسازیە نەریتیە زۆرباوەکان لەهەرێمەکانی خۆراسان و بلادماوراءالنهر دادەنرێت، ئەمەش بۆ زۆری بەخێوکردنی ئاژەڵ و زۆری لەوەڕگای پێویست دەگەڕێتەوە, سەرەڕای سوودبینین لە گۆشتەکەی و خوریەکەی، پێستەکەشی لەپیشەسازی پێستە خۆشکردن بەکارهاتووە (السمعاني،1999،ج2،ص76)، بۆ ئەمەش کارگەی ئامادەکردن و تەنکەرەوەی چەرمر لەهەرێمی خۆراسان  هەبووە (الحديثي،1987،المجلد19،العدد1،ص30)، لە کاری خۆشکردنی توێکڵی هەنارو خوێ لەگرنگترین ئەو ماددانە بووە بۆ پیشەسازی پیستە خۆشکردن وتەنکردنی بەکاردەهات (الجاحظ،2001،ج2،ص74)، لە جوزجانیش شاری بڵخ یەکێك بوو لەو شارانەی بە پیشەسازی تەنکردنەوەی پێستە بەناوبانگ بووە (الادريسي،2002،ج2،ص280).

هەرلەمر هەرێمەدا ناوچەی خوارزمیش سەرچاوەی سەرەکی پێستە دابینکردنبووە، بەتایبەتی پێستەو کەوڵی سمۆرەو ڕێوی وکەروێشك چەند ئاژەڵێکی تر، بەڵام شاری نیسابور بەدروستکردنی پشتێنی چەرمر وزینی ئەسپ بەناوابانگ بوون، بەهۆی بە خێوکردنی ئاژەڵی جۆراوجۆر زۆرتێیدا ئەمر پیشەسازیە شوێن وپێگەی خۆی هەبووە لەپێشەوەی شارەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی بووە (الثعالبي،1984،ص226)، لەکاتدا شاری مرو بە دروستکردنی ئەو جۆرە پێڵاوانەی لەپێستەی ئاژەڵەکان دروست دەکران بەتایبەت بۆ ئەسپ سواری بەکاریان دەهێنا بەناوابانگ بوو(العمادي،1997،ص137)، لە شاری هراة ناوچەی کروخ بەپیشەسازی پێستەی ئاژەڵ بەتایبەتی مەڕومالآت وئاژەڵی وەك سمۆرەو ڕێوی بەناوبانگ بووە، بەتایبەت لە بواری دروستکردنی زینی ئەسب و جانتا پێشەنگ بووە، هەرلەمان شاردا ناوچەی اسفرایش بە دروستکردنی گۆرەوی وپێڵاوی چەرمی پیاوانە ناوبانگی دەرکردبوو (احمد،2007،ص147)،هەروەها شاری بغشور کەوتۆتە نێوان هراة و مرو لە هەرێمی خۆراسان لە بەر هەبوونی جۆرەکانی پێستە بەچەند جۆرێك لە پشەسازی پێسە وفەرو بەناوابانگ بوون(الحموي،1996،ج1،ص369).

لەهەرێمی ماوراءالنهر کەمترئەمر پیشەسازیە ئەنجامدراوە، تەنها لە چەند ناوچەیەکی دیاری کراو ئەنجام دراوە، بەتایبەتی هەرێمی شاش و صەغانیان بەمەڵبەندی تەنکردن و خۆشکردنی پێستە ناسرابوون، ئەمر پیشەسازیە لەبەر جۆراو جۆری ئاژەڵانەی بەخێو دەکران، بۆیە پیشەسازیەکانی پێستە جۆراوجۆر بوو(زيدان،1902،ج3،ص396)، بە تێڕوانینی ئێمە ڕەنگە بۆ کەمی کەرستەی پێستە خۆشکردن، یاخود بۆکەمی ئاژەڵ لەناوچەکە بگەڕێتەوە، چونکە لە بنەڕەت پیشەکە پشت بەمر دووشتە سەرەکیە دەبەستێ.

لە هەمان کاتدا دەوڵەمەندی هەرێمی خۆراسان لەبواری بەخێوکردنی مەڕو ماڵات و ئاژەڵی تر لە بەرامبەرهەرێمی ماوراءالنهر بەدیاردەکەوێت، بۆتە هۆی ئەوەی بە شێکی زۆری شارەکانی هەرێمەکە بە پیشەسازی پێستە ویاخود چەرم بەناوبانگ بێت، لەهەمان کاتدا بەرهەمی ناوخۆی زۆربێت و هەناردەی دەرەوەی بکات، بەتایبەتیش پێستەی جوزجان و ناوچەی بلخ و شاری هراة بۆ تەواوی ناوچەکانی هەرێمەکە هەناردە دەکرا، ئەوەی لەپێویستی ناوخۆی زیادەبوو هەناردەی دەرەوەی هەرێمەکە دەکرا(حسنين،2004،ص112؛ توفيق،1985،العدد3،ص278)، دەکرێت بڵێین زۆرجاریش ئەم پیشەسازیە دەبووە یەکێك لەپیشەسازیە بێزارکەرەکان بەهۆی ئەو بۆنە ناخۆشەی لە کارگەی پیشەسازیەکە دەردەچوو(السمرمند،1996،ص98).

### 3. 4. پیشەسازی خۆراك.

هەرێمەکانی خۆراسان وبلادماوراءالنهر بەچەند پیشەسازیەکی جۆراوجۆری خۆراك بەناوبانگ بووینە، لەبەر ئەوەی هەریەکە لە خۆراسان وبلاد ماوراءالنهر بەسامانی کشتوکاڵی وچاندنی میوەو ئاژەڵ بەخێوکردن و سامانی ماسی دەوڵەمەند بووە، بۆیە پیشەسازیەکانیشی جۆراوجۆر بوون لەوانە: پیشەسازی وشکردنەوەی میوە ، لەم جۆرە پیشەسازیەدا هەرێمی خۆرسان بەناوبانگتر بووە لە بلادماوراءالنهر، لەبەرئەوەی بەشێك لە شارەکانی هەرێمەکە لەم پیشەسازیە پێشەنگ بووینە، بەتایبەتی شاری مرو بەناوبانگترین شارەکانی هەرێمی خۆراسان دادەنرێت، لە پیشەسازی وشکردنەوە بەتایبەتی وشکردنەوەی ترێ دروستکردنی مێوژ لەبەر زۆری بەرهەمەکەی لەناوخۆ هەناردەی دەرەوەی شارەکە دەکرا (الحميري،1980،ص533)، لەگەڵ وشکردنەوەی میوەی خۆخ زیادەکەی بۆ تەواوی شارەکانی هەرێمی خۆراسان وبۆ دەرەوەشی هەناردە دەکرا (السيوطي،1991،ص21)، هەروەها دانان و هەڵگرتنی شوتی لەناو سندوقی تایبەت دواتر دەخرایە ژێربەفرو هەڵدەگیرا(حسنين،2004،ص110)، هەروەها شاری هراة یەکێکی ترە لەو شارانەی بە پیشەسازی وشکردنەوە بەناوبانگ بووە بەتایبەتی مێوژ و کشمیش (احمد،2007،ص148).

دەبینین ئەو پیشەسازیە خۆراکیەی هەرێمی بلادماوراءالنهر ناوبانگی پێی دەرکردبوو زیاتر پیشەسازی دەرهێنانی ڕوون و دروستکردنی دۆشاوبووە، لەوانە شاری ترمز( ) لەهەمان کاتدا شاری بلخ بەدروستکردنی دۆشاوی ترێ و لوالج( ) بەدەرهێنانی ڕوونی کونجی ناسرابوو (كي لسترنج،1954،ص ص337، 502)، خەڵکی لە ژەمەکانی خواردندا بەکاریان دەهێنا بەڵام دەبیین شاری مرولە هەرێمی خۆراسان بە دەرهێنانی جۆرێکی تر لە ڕۆن بەناوبانگ بووە، ئەوەیش دەرهێنانی ڕۆن لە تۆی کەتان وکونجی و ڕوونی زەیتی زەیتون ناوداربووە(القزويني،2013،ص ص323 ، 456)، لەهەمان کاتدا شاری هراتیش بایەخ وگرنگیەکی تایبەتی داوە بە دەرهێنانی ڕێژەیەکی زۆر لە ڕوون بەتایبەتی ڕوونی کونجی وتۆی لۆکە (احمد،2007،ص259).

جۆرە پیشەسازیەکی تر هەرێمی خۆراسان پێی بەناوبانگ بووە، بریتی بووە لە پیشەسازی قامیشی شەکر، لەوانە هراة و نیسابور، هەربۆیە ئەم شارانە بەچەند جۆرێك لەشیرنەمەنی دروستکردن ناوبانگیان دەرکردبوو (القزويني،2013،ص360)، لەبەر زۆری بەرهەمەکانی میوە بەتایبەتی ترێ شاری هراة کە بەپیشەسازی دروست کردنی شەربەتی ترێ ناسرابوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دەبینین بەناوبانگترین ناوچەی پیشەسازی شەکر ناوچەی جوی مولیانە لە هەرێمی ماوراءالنهر، بەرهەمی شەکرەکەی دەگاتە دەهەزار درهەم لەساڵێکدا (النرشخي،1965،ص47)، لە هەمان کاتدا هەر لە هەرێمی بلاد ماوراءالنهر بەتایبەتی شاری بخاری لەبەر زۆری سامانی ماسی و زۆری ڕاوکردنی، لەبەر زۆری ڕێژەکەی لە توانای دابوو پێویستی ناوخۆ پڕبکاتەوەو ئەو ڕێژە زۆرەی دەمایەوە لە هەناردەی دەرەوەی بکات، ئەمەش لەڕێگای کاری وشکردنەوە وسوێرکردنی ماسی یاخود خوێ کردنی ماسیەوە بووە ، لەم ڕێگایەوە بەشە زیادەکەی هەناردەی دەرەوە بکات(النرشخي،1965،ص30)، زۆری ئەم پیشەسازیەش بۆ بوونی هەردوو ڕووباری بەناوبانگی سەیحون و جەیحون دەگەڕێتەوە.

لەگەڵ ئەوەش لە هەردوو هەرێمەکەدا پیشەی بەخێوکردنی هەنگ و بەرهەم هێنانی هەنگوین ناسرابوون، تەنانەت بەشێك لە خێزانەکان بەناوی هەنگەوانەکان ناوبانگیان دەرکردبوو (الحموي،1996،ج1،ص ص 283-284).

جێگای ئاماژە پێکردنە پرۆسەی پاراستنی کاتی بۆ هەندێك لە بەرهەمەکانی سەوزە ومیوەی تازە لە گرنگترین پیشەسازیەکانی خۆراکە دادەنرێت، بەمەش گاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر گەشەی ئابووری ناوچە کشتوکاڵیەکان دەبێت، بەتایبەت ئەو ناوچانەی پشت دەبەستێت بەهەناردەکردنی بەرهەمەکانیان لە سەوزەو میوە بەنمونە وەك شاری نیسابور لەهەرێمی خۆراسان(طه،2003،ص143).

**4. پیشەسازیە لاوەکیەکان.**

چەند پیشەسازیەکی لاوەکی لە لە هەردوو هەرێمی خۆراسان وبلادماوراءالنهر بڵاوبووە لەوانە:-

**4. 1. پیشەسازی دارتاشی:**

لەبارەی ئەم پیشەسازیە (ابن خلدون ) دەڵێ: ((ئەم پیشە سازیە یەکێکە لە پێویستیەکانی بیناسازی، کەرەستەکەی لە دار پێکهاتووە، سوودەکەی لە ژماردن نایەت، بۆ خەڵکی خێڵەکی و شارستان، بەڵام خەڵکی خێڵەکی کۆڵەکە و ستون بۆ چادرەکانیان لێ دروست دەکەن... هەروەها ڕم وتیروکەوان بۆ چەکەکانیان، بەڵام خەڵکی شارستان بنمیچ و دەرگا بۆ خانووەکانیان و کورسی بۆ دانیشتنی لێ دروست دەکەن...))(2003،ص ص322-323).

ئەم پیشەسازیە پشت دەبەستێت بە پەلکی دارو لقەکانی سەرەڕای باشی جۆری دارەکەی، لەلایەن توێژەرانەوە ئاماژە بەبوونی داری زۆرو چڕ کراوە لەهەرێمی خۆراسان، دار لە زۆربوواری وەك سوتەمەنی خۆگەرمکردنەوەو پیشەسازی دارتاشی وخانووبەرە بەکارهاتووە، بەتایبەتی داری ساجی هیندی جۆرێکی زۆرباش بووە لە خانووبەرە دروستکردن بەکارهاتووە، لەبەرئەوەی پێکهاتەی دارەکە بەهێزبووە و توانای بەرگریەکی زۆری هەبووە، بۆیەلە کەل وپەلەکانی ناوماڵ بەتایبەتی لە سەدەی پێنجەمی کۆچی /یازدەهەمی زاینی لە دارستان و چروپرەکانی مازەندەران بەباشترین جۆرەکانی دار جیا دەکرایەوە سەرەڕای جوانی ڕەنگەکەی، کە ڕەنگێکی سوورباوبووی هەبوو، خۆراسان بە پیشەسازی دیکۆرات و هەڵکۆڵینی و نەخشاندنی دار بەناوبانگبووە، ئەمەش زیاتر بەکاری جوان وناوازەی ماڵ ناسرابوو، دار لەچەند پیشەسازی جۆراوجۆری بەکارهاتووە، شاری بلخ و خوارزم بەتیرو کەوان و شاری قومس( ) بە شیر و نیسابور بە چوارچێوە لە دار دروستکردندن بەناوبانگ بوون(سرور،1976،ص140؛ العمادي،2007،ص137).

ناوچەی خوارزم بەدارستانی چڕو داری جۆراوجۆر کە بۆ پیشەسازی کەل وپەلی و جوانکاری ناو ماوماڵ زۆر بەجوانی بەوردی کاریان تێدا ئەنجام دەدا ناسرابوو، لەداری سرکە یاری منداڵان و مەنجەڵ و قاپیان دروست دەکرد، بۆ شارو ناوچەکانی تر هەناردە دەکرا (القزويني،2013،ص349)، سەرەڕای ئەوەی مەڵبەندێك بووە بۆ پیشەسازی بەلەم دروستکردن، ئەمەش بۆ ئەو لقەی رووباری جەیحون دەگەڕێتەوە کە دەریاچەی خوارزمی لێ دروست ببوو (المقدسي،3003،ص250).

لەهەرێمی بلادماوراءالنهر پیشەی دارتاداشی یەکێك بوو لە پێداویستیەکانی بنیاتنان و ئاوەدانی، دانشتوانی ئەم هەرێمە بە شێوەیەکی فراوان بۆ دروستکردنی خانوو کەل وپەلی ناوماڵ بەکارهێناوە، دار وەك ماددیەکی بنەڕەتی لەکاری بنمیجی خانووەکان و دوکانەکانی بازاڕدا لە بخاری وسمرقند بەکاردەهات(النرشخي،1965،ص134؛ الادريسي،2002،ج1،ص ص 49، 500)، لەچەند شارو ناوچەی تری وەك اشروسنەو فرغانەو شاش بەهەمان شێواز بووە (الادريسي،2002،ج1،ص504)، لەشاری بخاری دارتاشەکان لەبەر پێداویستی گۆمەڵگاکەیان داریان لە زۆر بواردا بەکارهیناوە، بەتایبەت کەل وپەل و شتە بنەڕەتیەکانی ناوماڵ لە دروستکردنی کورسی و مێزو قاپ و مشارو چەك و لەدیارترینیان تیرو کەوان بووە (الثامري،2005،ص145)، سەرەڕای ئەوەی بخاری بەپەیکەری داری دروستکردن بەناوبانگ بووە(الجبراني،2015،ص218).

**4. 2.پیشەسازی کاغەز( کاغد)**

یەکێکی تر لە پیشەسازیانەی سوود لە پێکهاتەی دار وەرگیراوە بۆ دروستکردنی ئەویش پیشەسازی دروستکردنی کاغەز یان کاغد بووە، یەکێك لە پیشەسازیانەی هەرێمی بلادماوراءالنهری لەهەرێمی خۆراسان پێی جیادەکرێتەوە، سمرقند لەناودارترین شارەکانی ئەم هەرێمەیە، ئەم جۆرە پیشەسازیە باشترین جۆرەکانی پیشەسازیە لە ناوچەکە بەهۆی بوونی ماددەی پێویست لەم شارە، تەنانەت لەڕووی باشی کوالێتیەکەی هاوشانی کاغەزی وڵاتی مصربووە (القزويني،2013،ص536؛ حيدر،1973،ص183)، بەپێی تێروانینە مێژوویەکان خەڵکی ئەم هەرێمە بەتایبەتی خەڵکی شاری سمرقند ئەم پیشەیان لە ڕێگای کۆمەڵێك لە خێزانە چینینەکانەوە فێربوون، چونکە ئەم پیشەسازیە لە سەرەتادا ئەوان کاریان لەسەری کردووە، دواتر خەڵکی سمرقند بە لێهاتووی خۆیان توانیویانە لەوانەوە بیگوازنەوە بۆ هەرێمەکەی خۆیان(الثعالبي،1956،ص432؛ القزويني،2013،ص536)، لەبەر لێهاتووی خەڵکی ئەم شارە بەم پیشەیە، بۆیە هەندێك لە کەسەکانی بە ناوی پیشەکەوە ناسراون، لەوانە ابو صالح شعيب بن الليث الشرغى الكاغدى، دواترئەم پیشەیە گوازراوەتەوە بۆ خۆراسان لەڕێگای خۆراسانیشەوە بۆ وڵاتی دەوروبەر (الحموي،1996،ج2،ص99؛ جب،1974،ص985).

**4. 3. پیشەسازی گڵێنەسازی و ڕازاندنەوە:**

هەریەکە لە هەرێمەکانی خۆراسان وبلادماوراءالنهر هەندێك جۆری پیشەسازی تری تێدا ئەنجام دەدراکە پێویستی بەچەند هونەریکی بچووك بوو، کە بە پیشەسازیە گۆڕاوەکانیش ناسرابوو، لەوانە شاری نیسابور بە  پیشەسازی گڵکاری و ڕازاندنەوە وشوشە دروستکردن بەناوبانگ بوون، لە بەرهەمهێنان دروستکردنی گلسازیدا بڕ وێنە بووە، نەخشەکانیشی لە لەسەر وێنە دەکێشرا(الجبراني،2021،ص168)، پشەسازی شوشە دروست کردن سەرکەتن وپێشکەتێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، کەل وپەلی زۆر وەکو پیاڵەو پەرداخ و بوتڵ ... لەم جۆرە پیشەسازیەدروست دەکران (السمعاني،1999،ج5،ص123)، ئەم پیشەسازیە بەتایبەت لەسەردەمی غەزنەویەکان گرنگی زۆری پێدراوە، شاری توس(طوس)( ) بایەخی زۆر بەکەل وپەل و جوانکاریەکانی ناوماڵ دراوە، شاری مرو بە هۆی بایەخدانیان بەم پیشەسازیە جیادەکرایەوە، هەروەها شاری سرخس بە پیشەی گڵسازی و شوشە دروستکردن ناوداربووە (العمادي،1997،ص138).

دەبینین لە هەرێمی بلادماوراءالنهرگڵسازی سەرەڕای ئەوەی مۆدێلێکی سەیری سیرامیکی هێنایە کایەوە بەتایبەتی لە شارەکانی بخاری وسمرقند(حسن،1981،ص ص166-167)، هەرلەم دوو شارە پیشەسازی شوشە و چەند جۆرێك لە بەرهەمی ناوازەی شوشەی لە گڵۆپی ڕەنگاوڕەگی جوان و پەرداخ و کوپەی لێ بەرهەم هێناوە(عبدالخالق،1979،ص ص110-112).

هەرچەندە ئەم پشەسازیانە لەهەردوو هەرێمەکە ئەنجام دراوە، بەڵام لەهەرێمی بلادماوراءالنهر پێشکەوتنی زیاتری بەخۆیەوە بینیووە، بەنمونە لەشاری بخاری سمرقند جۆرێك لە بەردو قوڕ بەکاردەهات لە پیشەسازی گڵسازی بەتایبەتی لە دروستکردنی کەل و پەلی ناوماڵدا، بەڵام  لەهەرێمی خۆاسان بەم شێوەی نەبووە (الجبراني،2015،ص168)،ئەم پیشەسازیە زیاتر لەکاری ڕۆژانە بەکارهاتووە وەك خواردن لەناو هەڵگرتن و بەکارهێنانی لە گواستنەوەی ئاو یاخود بۆ خواردن لە ناو تێکردن بەکارهاتووە، ئەم پیشەیە پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، چەندین جۆر هونەری جوانکاری وێنەی تێدا بەکارهاتووە، لەم پیشەیەدا زیاتر بەهونەری چینی کاریگەر بوونە، سەرڕای ئەوەی بوتڵی دەرمانی بەچەندین شێواز لێ دروستدەکرا (حسن،1981،ص167).

**4. 4. پیشەسازی لاوەکی تر.**

سەرەڕای ئەم پیشەسازیانە پیشەسازی تریش لەهەردوو هەرێمەکە ئەنجام دراوە، یەکێکە لەم پیشەسازیانەی پشتی بە پیشەسازی پێشووتر دەبەست ئەویش پیشەسازی بۆن دروستکردن بووە، لەم جۆرە پیشەسازیەدا شوشە بەکاردەهات بۆ تێکردنی گوڵاو لە شاری هراة لەهەریمی خۆراسان، خەڵکی شاری هراة ڕێژەیەکی زۆریان لە گوڵی بۆندار دەڕواندو  لەم پیشەسازیەدا بەکاریان دەهینا(احمد،2007،ص146)، شاری نیسابوریش مەڵبەندی سەرەکی دروستکردنی گوڵاو دادەنرێت، لە بەناوبانگترین گوڵاوکانی بۆنی ڕەیحان و نێرگز و سێو وئاوی گوڵ و چەند جۆری تربووە(السمعاني،1999،ج4،ص441)، ئەوەی پەیوەندی بە پیشەسازی بۆنەوە هەیە، پیشەسازی سابون دروستکردن بووە، لە پیشەسازیە زۆرگرنگەکان بووە لە ژیانی ڕۆژانەی دانیشتواندا، چونکە یەکێکە لە ماددە پاکەرەوەکانی ئەم شارە بریتی بووە لە بەرهەم هێنانی سابون (الثعالبي،1960،ص204)، لە نیسابور هەندێك لە خانووە گەورەکان بە ناوی سابوونەوە ناودەبران، ئەمەش بۆ ئەوپیشەیە دەگەڕایەوە کە لە ناویدا ئەنجامیاندەدا(السمعاني،1999،ج3،ص471).

لە هەرێمی بلادماوراءالنهریش ئەم پیشەی گوڵاو دروستکردنی تێدا ئەنجام دراوە تەنانەت لەبەربایەخدانی شاری بخاری بەم پشەیە یەکێك لە دەرگاگانی شارەکە بەناوی دەرگای بۆنداران کراوە( السمعاني،1999،ج4،ص398)، بۆنی مسك لەناوچەی صغد و ڕۆژهەڵاتی بزخشان زۆربووە، لەبەر هەڵکەوتەی ناوچەکەی لەناوچەی بەرهەم هێمنانی مسك لە تبت( )، هەروەها سەرەڕێگای ناوچەی سنووریە لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری ختیل (الادريسي،2002،ج1،ص514؛ الراوندي،2005،ص321)، گوڵاوی شاری سمرقند بەوە ناسراوە بۆنەکەی زۆر بە خێرای بڵاودەبێتەوە (ريسلر،1993،ص129).

لە ئەنجامی بە ئەنجام گەیاندنی ئەم جۆرە پیشەسازیانە لەهەردوو هەرێمەکەدا  ئەومان بۆ دەردەکەویت، شارەکانی هەردوو هەرێمەکە سەرچاوەی سەرەکی بووینە بۆ بوونی ئەم جۆرە پیشەسازیانە، بەهۆی دابین کردنی کەرستەی خاوی پێویست، گومانیشی تێدانیە بارودۆخی خۆشگوزەرانی ژیانی خەڵکەکە، هۆکارو پاڵنەری سەرەکیە بۆ هاندانی خەڵکەکە بۆ دەستکەوتنی ئەم جۆرە کاڵایانە، لەهەمان کاتدا بایەخدانی ئافرەتان بە ئێکسسوارەتەکانی جوانکاری وڕازاندەوە هەر لەخشڵ وزێڕو زێو و بەردی بەنرخ و بابەتەکانی خۆ بۆن خۆشکردن، هەمر بۆخوڕازاندنەوەی خویان و ماڵەکانیان بەکاریان دەهێنا، بەتایبەتی ئەو ئافرەتانەی پێگەی تایبەتییان هەبووە ولە دەربارەی کۆشکەکاندا ژیانیان دەگوزەراند، بۆیە   دەکرێت بڵێین لەهەردوو هەرێمەکەدا تاڕادەیەکی باش

وەكو یەك بایەخیان بەتەواوی پیشەسازیەكان داوە، ڕەنكە لەشارێك یاخود زیاتر لە هەرێمەكەی تر بایەخ بە پیشەسازیەك یان زیاتر لەوەی تردرابێت ئەوەش لەكاتی باسكردنی هەرێمەكان ئاماژەمان بۆكردووە.

## 5. پەراوێزەكان:

(1)مرو:لە بەناوبانگترین شارەكانی هەرێمی خۆراسانە، ناوەكەی لە بردی سپی وەرگیراوە، چەندین كەسی دیاری وەك زاناو ڕۆشنبیرو دین دۆست تێیدا لە دایكبووە. الحموی،1996،ج5،ص ص112-116.

(2)نیسابور:یەكێكە لە شارە گەورەكانی سەر بە هەرێمی خۆراسان، لە سەردەمی ئیمامی عومەر فتحكراوە.الیعقوبی:2002،ص98.

(3)خوارزم:بە یەكێك لە شارە گەورەكانی هەرێمی خۆراسان دانراوە، ابن حوقل، 2009،ص 397. ئێستا ئەم ناوچەیە كەتۆتە دەولەتی اوزبكستان.

(4)اسبیجاب:ئەم شارە دەكەوێتە باكوری هەرێمی شاش لە سەر ڕووباری اریس كە یەكێكە لە لقەكانی ڕووباری سیحون. ابن حوقل،2009، 249.

(5)سمرقند:یەكێكە لە شارەكانی سەر بە هەرێمی بلادماوراء النهر، لەلایەن كوڕی ذلقرنین بنیادنراوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:الحموی:1996،ج3، ص ص 246-250.

(6)بخاری:لە شارە كۆنەكانی هەرێمی بلادماوراءالنهرە، شارێكی فراوانە خاوەنی میوەی جۆراو جۆرە هەروەها پایتەختی سامانیەكان بووە، لە نێوان ئەم شارەو ڕووباری جیحون دوو ڕۆژە ڕێیە.الاصطخری:1937،ص314.

(7)دار زنجی:گوندێكە لە گوندەكانی سەغانیان.السمعانی،،1999،ج2،ص 534.

(8)هراة:شارێكە لە شارە گەورەكانی هەرێمی خۆراسان، بەدایكی شارەكانی تری هەرێمەكە دانراوە. المقدسی:2003،ص249.

(9)فەرسەخێك یەكسانە بە(6)كیلۆمەتر. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:(محمد ،2001، ص54).

(10) القز:وشەیەكی عەربیە لە بنەڕەتدا وشەیەكی فارسیە(كز)پێوتراوە بە واتای ئاوریشم دێت.بڕوانە:عبدالجواد، ،2002 ،ص388.

(11)بلخ:لە شارە گەورەكانی هەرێمی خۆراسانە، لە سەردەمی معاویەی كوڕی ئەبی سفیان فتحكراوە. الیعقوبی:2002،ص116؛ الحموی:1996،ج1،ص 479.

(12)دانق:یەكێكە لە ئامێرەكانی كێشان وپێوان لە خۆراسان و بلاد ماراءالنهر بەكارهاتووە. اللخوارزمی ،2008،ص 410.

(13)منك: یەكێكە لە شارە گەورەكانی سەر بە ختیل .الاصطخری،2011،ص192.

(14)مرسمندە:یەكێكە لە شارە بەناوبانگ و دیارەكانی سەربە هەرێمی اشروسنە لەسەر لقێكی ڕووباری عریض بنیادنراوە. ابن حوقل صورة الارض،ص454.

(15)چیای هندوكوش، الهنود ، وكش: بەمانای كوشتن دێت ەكێكە لە چیاكانی سەر بە شاری هراة، ئەم چیایە ناوچەكانی تركستان و كابل و هرات قندهار لێك جیا دەكاتەوە، بەرزترین لوتكەی كریج میرە.الذهبی،1999،ص468.

(16)لازورد:یەكێكە لە بەردە بە نرخەكان ڕەنگێگی شینی هەیە و لە پیشەسازی ڕەنگەكان بەكاردیت. الاصطخری، 1965، ص ص279-280

(17)وشاذر: وشەیەكی فارسیە لە بنەڕەتدا لە ماددیەكی ڕەقی ترشەڵۆكە وهیچ ڕەنگێكی نیە. شیر،1980،ص153.

(18)باك زهر یاخود البازهر: لەزمانی فارسی (باك زهر)ی پێدەڵێن، باك بەمانای خاوێنكەرەوە دێت، بەڵام زهر بەمانای ژەهر دێیت، هەردووكی بەیەكەوە بەمانای پاك كەرەوەی ژەهردێت.ابن الاكفانی، بیروت،1983،ص 75.

(19)قواذیان،قوادیان:بە چەند شێوەیەك ناوی هاتووە و دەكەوێتە سەر ڕووباری جیحون لە نێوان هەردوو شاری ترمز و ختیل.الحموی،1996،ج4،ص99.

(20)ترمذ،ترمز:یەكێكە لە شارە ناودارەكان بە دایكی ئەو شارانە دادەنرێت كەوتۆتە سەر ڕووباری جیحون.الحموی،1996،ج2،ص26.

(21)لوالج:ناوچەیەكە سەر ئیدارەی بذخشانە دەكەوێتە دواوەی شاری بلخ. بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:الحموی،1996،ج5،ص441.

(22)قومس:ناوچەیەكی فراوانی سەر بە شاری دامغانە یەكەم شاری هەرێمی خۆراسانە لە لایەن موسلمانان فتحكرابێت.الیعقوبی،2002،ص90.

(23)كاغەز(الكاغد):دەربڕینێكی توركیە یاخود چینیة لەڕێگای شاری سەمەرقەندەوە هاتۆتە ناو زاراوەی عەرەبی لە دوای سەرهەڵدانی پیشەسازی كاغەز لەم شارەدا. بدرالدین الصینی، 1950،ص285.

(24)طوس:شارێکە لە هەرێمی خۆراسان لە نێوان ئەم شارەو شاری نیسابور دە فەرسەخە دوو ناوچە لە خۆ دەگرێت ئەوانیش طابران و نوقان. الحموي،1996 ، ج4،ص 49.

(25)تبت:بەهەرێمی چوارەمی هیند دادەنرێت،یاخودبە ناوچەیەکی سەر بە چین دادەنرێت لەبەر ئەوە بە شێکی خاکەی سەر بە ناوچەی هیند و بەشێکی سەر ناچەی چینە بە شێکی بەخاکی تورك بە ستراوەتەوە.الحموی،1996،ج2،ص ص 10-11.

### 6. لیستی سەرچاوەکان:

### 1.6. کتێب:

### سەرچاوەی ڕەسەن.


- ابن الاثير، عزالدين أبي الحسن علي بن محمد بن عبدالكريم(ت630ه/1232م).
- اللباب في تهذيب الانساب، لبنان،1980.
- الادريسي، أبو عبدالله محمد بن عبدالله بن ادريس(ت560ه/1164م).
- نزهة المشتاق في اختراق الافاق ،مكتبة الثقافية الدينية ،القاهرة، 2002.
- ابن الاكفانى:محمد بن ابراهيم بن ساعد الانصاري (ت749ه/1348م).
- نخب الذخائر فى احوال الجواهر،مطبعةعالم الكتب، بيروت،198.
- الاصطخرى،ابو اسحاق ابراهيم بن محمد الفارسى المعروف بالكرخى(ت341ه/952م).
- مسالك والممالك، نوابغ الفكر،القاهرة، 2011.
- ابن بطوطة، أبو عبدالله محمد بن عبدالله اللواتي (ت779ه/1377م).
- رحله ابن بطوطة المسماة(تحفة النظار في غرائب الامصار و عجائب الاسفار)، تحقيق:علي المنتصر الكناني ،مؤسسة الرسالة ،ط4، بيروت، 1405ه..
- ابن حوقل، أبوالقاسم محمد بن علي النصيبي(ت367ه/977م).
- صورة الارض، نوابغ الفكر،القاهرة، 2009.
- ابن خرداذبة،ابو القاسم عبيدالله بن عبدالله (توفي في حدود 300ه/912).
- المسالك والممالك مطبعة بريل،ليدن،1889.
- ابن خلدون،عبدالرحمن بن محمد (ت808ه/1405م).
- المقدمة، دار الكتب العلمية ط9،بيروت، 2003.
- ابن الزبير، أبو الحسن أحمد بن القاضي الرشيد(ت.ق.5ه/11م).
- 9الذخائر والتحف ، محمد حميدالله، مراجعة: صلاح الدين منجد ، سلسلة التراث العربي ،الكويت، 1959.
- ابن منظور، أبو الفضل محمدبن مكرم بن علي بن أحمد الانصاري(711ه/1311م)
- لسان العرب ،دارصادر ، بيروت، 1414ه..
- أبوالفداء، عمادالدين اسماعيل بن محمد بن عمر (ت732ه/1331م).
- تقويم البلدان ،تصحيحه:رينود، والبارون ماك كوكين ديسلان باريس،1842.
- البيروني، أبو الريحان حمحمد بن أحمد(ت440ه/1048).
- الاثار الباقية عن القرون الخالية ، مطبعة لايبزك ، بيروت ،1923.
- الثعالبي، أبو المنصور عبدالملك بن محمد بن اسماعيل(ت429ه/1037م).
- لطائف المعارف، تحقيق: ابراهيم الابياري وحسن كامل الصيرفي، دار احياء التراث العربي، القاهرة، 1965.
- يتيمة الدهر، تحقيق: مفيد محمد قميحة، دار الكتب العلمية، بيروت، 1983.
- ثمار قلوب في المضاف والمنسوب، دار المعارف، القاهرة، 1956،
- الحميري، محمد بن عبدالمنعم (ت900ه/1494م).
- الروض المعطارفي خبر الاقطار، تحقيق: احسان عباس، مؤسسة ناصر للثقافة، طبع على مطابع دار السراج، ط2، بيروت، 1980.
- الخوارزمي، أبو عبدالله محمد بن أحمد بن يوسف الكاتب(ت367ه/997م).
- مفاتيح العلوم، دراسة وتقدم، عبدالامير الاعصم، دار المناهل للطباعة والنشر، القاهرة، 2008.
- الذهبى،ابو عبدالله شمس الدين بن محمد بن احمد بن عثمان (ت748ه/1348م).
- تاريخ دول الاسلام، تحقيق:محمود الارناؤوط،بيروت،1999.
- الرواندي، محمد بن علي بن سلمان(ت599ه/1202م).
- راحة الصدور واية السرور في تاريخ الدولة السلجوقية، ترجمة: ابراهيم امين الشواربي واخرون، المجلس الاعلى للثقافة،المشروع القومي للترجمة، القاهرة، 2005.
- السمعاني، أبو سعد عبدالكريم بن محمد بن منصور(ت562ه/1166م).

- الانساب، تقديم محمد احمد حلاق، دار احياء التراث العربي، بيروت، 1999.
- السيوطي،جلال الدين عبدالرحمن بن ابي بكر(ت911ه/1505م).
- لب اللباب، تحقيق: احمد عبدالعزيز، بيروت، 1991.
- شيخ الربوة، شمس الدين ابو عبدالله الانصاري الدمشقي(ت727ه/1326م).
- نخبة الدهر في عجائب البر والبحر، تحقيق:احمد محمد وليد ايوب والاخرون، دار العرب والدار النور، دمشق، 2013.
- الصابي، ابو الحسن هلال بن المحسن بن ابراهيم(ت448ه/1056م).
- رسوم دار الخلافة، تحقيق: ميخائيل عواد، دار الرائد العربي،ط2، بيروت ،د.ت.
- القرطبي،شمس الدين ابو عبدالله محمد بن احمد بن ابي بكر الانصاري(ت671ه/1273م).
- مختصر تفسير القرطبي، تعليق:محمد كريم، بيروت،1986.
- القزويني، زكريا بن محمد بن محمود(ت682ه/1283م).
- اثار البلاد واخبار العباد، علق عليه وقدمه حماة الله ولد السالم، دار الكتب العلمية، بيروت،2013.
- القلقشندي، ابو عباس احمد بن علي(ت821ه/1418م).
- صبح الاعشى في صناعة الانشاء،تحقيق: يوسف علي طويل، القاهرة، 1963.
- المسعودي، ابو الحسن علي بن الحسين بن علي(ت346ه/957م).
- مروج الذهب ومعادن الجوهر، تحقيق:مصطفى السيد، المكتبة التوفيقية، القاهرة،2003.
- المقدسي، شمس الدين ابي عبدالله محمد بن احمد بن ابي بكر(ت380ه/990م).
- احسن التقاسيم في معرفة الاقاليم، علق علية وضع حواشية: محمد امين الضناوي، دار الكتب العلمية، بيروت،2003.
- مؤلف مجهول.
- حدود العالم من المشرق الى المغرب، ترجمة من الفارسية وحققه: يوسف الهادي، دار الثقافة للنشر، القاهرة، 1432ه.
- 2003.
- النرشخي، أبو بكر محمد بن جعفر(ت348ه/959).
- تاريخ بخاري، ترجمه عن الفارسية وقدم له وحققه وعلق عليه: امين عبدالمجيد بدوي ونصرالله مبشرالطرازي، دار المعارف، القاهرة، 1965.
- نظامي العروضي السمرقندي، نظام الدين احمد بن علي(ت552ه/1158م).
- جهار مقاله، المقالات الاربع في الكتابة والشعر والنجوم والطب، ترجمه عن الفارسية: يحيى الخشاب، والحواشي للعلامة محمد بنعبدالوهاب القزويني، القاهرة،1949.
- النويري، شهاب الدين أحمد بن عبدالوهاب(ت733ه/1332م).
- نهاية الارب في فنون الادب، مطبعة كوستاتسوماس وشركائه ،القاهرة، 1954.
- ياقوت الحموي، شهاب الدين أبو عبدالله الرومي(ت626ه/1228م).
- معجم البلدان، دار احياء التراث العربي، مؤسسة التاريخ العربي، بيروت،1996.
- اليعقوبي،احمد بن ابي يعقوب واضح الكاتب(ت292ه/905م).
- البلدان،تحقيق:محمد امين ضناوى ،بيروت،2002.


**ژێدەرەکان:**


- احمد، صلاح سليم طايع.
- مدينة هراة، دراسة سياسية وحضارية، الناشر دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الاسكندرية،2007.
- 1986.
- اصلان ابا، اقطاي.
- فنون وعمائرهم، ترجمة:احمد محمد عيسى، اسطنبول، 1978.
- بارتولد، فاسيلي فلاديمروفتش.
- تركستان من الفتح العربي الى الغزو المغولي، ترجمة: صلاح الدين عثمان هاشم، مطبعة شركة الكاظمية، الكويت،1981.
- الثامري، احسان ذنون عبدالطيف.
- مدينة بخارى، دراسة في الاحوال الاجتماعية والاقتصادية والثقافية، مؤسسة حمادة للدراسات الجامعية والنشر والتوزيع، اربد،2005.
- الجبراني، حسين ابراهيم.
- الاوضاع الادارية والاقتصادية والاجتماعية للامارات الاسلامية ببلاد ايران، دار غيدا، عمان، 2015.
- شذرات من تاريخ مدينة نيسابور،دار الغيداء، عمان، 2021.
- جب، هاملتون.
- دراسات في الحضارة الاسلامية،ترجمة: احسان عباس، بيروت،1974.

- حسن، زكي محمد.
- الفنون الايرانية في العهد الاسلامي ، القاهرة، 1946.
- حسنين، ميرفت رضا احمد.
- مدينة مرو منذ بداية عصر السلطان سنجر(428-552ه/1037-1157م)، القاهرة، 2004.
- حيدر،محمد علي.
- الدويلات الاسلامية في المشرق، عالم الكتب ، القاهرة، 1973.
- خولي، احمد.
- الدولة الصفوية تاريخها السياسي والاجتماعي ، القاهرة، 1981.
- ديماند.
- الفنون الاسلامية، ط3، القاهرة، 1982.
- ريسلر،جاك.
- الحضارة العربية، تعريب: خليل احمد خليل، منشورات عويدات،بيروت،1993.
- زيدان،جرجي.
- التمدن الاسلامي ، مطبعة الهلال بالفجالة، مصر،1902.
- السمرمند، قيس عبدالواحد.
- الصنائع والمهن والحرف في المشرق الاسلامي(العراق، بلاد فارس، ماوراءالنهر خلال العصر العباسي)،بغداد،1996.
- سرور، محمد جمال الدين.
- تاريخ الحضارة الاسلامية في الشرق(في عهد نفوذ الاتراك الى منتصف القرن الخامس الهجري)، ط4، مطبعة دار الفكر، بيروت، 1976.
- شريف، علي محمد.
- الاوضاع الحضارية في بلادماوراءالنهر في عهد الترك الايلكخانيين، دارالغيداء، عمان،2019.
- شير،ادي.
- الالفاظ الفارسية المعربة، المطبعة الكاثوليكية،بيروت، 1908.
- الصينى، بدرالدين.
- العلاقات بين العرب والصين، القاهرة،المكتبة النهضة المصرية، 1950.
- طه، فيصل سيد.
- الحالة الاقتصادية والمظاهر الاجتماعية في نيسابور منذ مستهل القرن الثالث الهجري حتى قيام الدولة الغزنوية، القاهرة، 2003.
- عبدالجواد ، رجب:
- المعجم العربى لاسيماء الملابس ،دارالافاق العربية،2002.
- عبدالخالق، هناء.
- الزجاج الاسلامي، دار الحرية للطباعة ، بغداد، 1979.
- العمادي، محمد حسن.
- خراسان في العصر الغزنوي، دار الكندي للنشر والتوزيع، بيروت، 1997.
- فامبري، ارمينيوس.
- تاريخ بخاري منذ اقدم العصور حتى العصر الحاضر، ترجمة: احمد محمود الساداتي، راجعه وقدم له: يحيى الخشاب، مطابع شركة الاعلانات الشرقية، القاهرة،1965.
- الفقي، عصام الدين عبدالرؤوف.
- تاريخ الاسلام جنوب اسيا في العصر التركي ، القاهرة، 1975.
- كي لسترنج.
- بلدان الخلافة الشرقية، نقلة الى العربية بشير فرنسيس و كوركيس عواد، بغداد،1954.
- ماهر، سعاد.
- الفنون الاسلامية ، القاهرة،1986.
- الوزونة، يحيى بن حمزة.
- مدينة مرو والسلاجقة حتى عصر سنجر، مكتبة الثقافة الدينية، القاهرة، 2007.

**فارسی:**

- ابرو، حافظ.جغرافياي تاريخي خراسان در تاريخ حافظ ابرو، تصحيح و تعليق:غلا مرضا ورهرام، انتشارات اطلاعات، تهران، 1370ش.

**6. 3.توێژینەوە:**

- توفيق، سامية.

- الثروة الزراعية في خراسان، مجلة كلية الدراسات الانسانية، جامعة الازهر، العدد 3، 1985.

- الحديثي،قحطان.

- دراسات في التنظميات الاقتصادية لخراسان في القرن الرابع الهجري(الصناعة)، مجلة الخليج العربي، مركز دراسات الخليج العربي، جامعة البصرة، المجلد 19، العدد1، 1987.

- مدن خراسان عند ابن خلكان، كلية الاداب، جامعة بصرة، العدد 11، 1976.

- محمد، عبالمنعم رشاد.

- الغرب وجمهوريات اسيا الوسطى، مجلة دراسات التاريخية، بيت الحكمة، العدد2، بغداد،1999.

**الصناعة في أقليميين خراسان وبلاد ماوراءالنهر خلال القرنين(5—6ه/11-12م)**

**(دراسة تاريخية تحليلية)**

**چيمەن على يابه**

قسم التاريخ, كلية الاداب,جامعة صلاح الدين-أربيل,أربيل,أقليم كوردستان,العراق.

chiman.yaba@su.edu.krd

**اكو برهان محمد**

قسم التاريخ, كلية الاداب,جامعة صلاح الدين-أربيل,أربيل,أقليم كوردستان,العراق.

ako.mohamad1@su.edu.krd

**الملخص**

لقد طورت الصناعات في أقليمي خراسان وبلادماوراءالنهر خلال القرنين(5—6ه/11-12م)، وذلك لوفرة الموارد الطبيعية والمتنوعة ولاسيما من خلال استغلال المنتوجات الزراعية والحيوانية والمعادن الطبيعية، والتي استخدمت كمواد الأولية للصناعات، ومن جانب اخر نجد العلاقات التجارية للأقليمين مع الاقاليم المجاورة وبلاد الصين اثره في تطوير الاساليب الصناعية، لقد انجزت هذه الدراسة وفق منهج تاريخي وتحليلي مقارن، وذلك بالاقتباس المعلومات في مجموعة من المصادر المتنوعة والمعاصرة لفترة الدراسة، وحاولنا جاهداً تحليل تلك المعلومات ومقارنتها لاضهار ما هو موجود من الصناعات المختلفة في تلك المنطقة، تتكون الدراسة من المقدمة ومبحثين اساسيين، وفعلاً النتائج في النهاية البحث، تطرق المبحث الاول الى اهم الصناعات الاساسية في الاقليمين، وخصصت المبحث الثاني لتبيان الصناعات الثانوية في المنطقة.

**الكلمات المفتاحية:** الصناعة ، الموارد الطبيعية ، الخراسان ، بلاد ماوراء النهر ، التجارة

**Industries in the Provinces of Khorasan and Transoxiana During the Two Centuries (5-6 AH / 11-12 AD)**

**(Historical Analytical Study)**

**Chiman Ali Yaba**

Department of History, College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq

chiman.yaba@su.edu.krd

**Ako Burhan Mohamad**

Department of History, College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq

ako.mohamad1@su.edu.krd

**Abstract**

In the two eras (5-6 AH / 11-12 AD) in the provinces of Khorasan and Transoxiana, it was very interested in the industrial aspects due to the abundance of natural and diverse resources, especially the quantity of agricultural and animal productions and natural minerals in the region, which was used at that time as raw materials in industrial productions, which It had a direct impact in showing the most important industrial and productive centers in the two regions mentioned, and on the other hand, the commercial relations with the neighboring regions and the countries of China affected the development of industrial methods. The study analyzed this information through a comparative study to know about the history of production and industry in that region. The study consists of an introduction and two main sections and announcing the results at the end of the research. The first section dealt with showing the most important basic industries in the two regions, and the second section was devoted to showing the secondary industries in the region.

**Keywords:** industry, natural resources, concrete, Transoxiana, trade.